چەند وێستگەیەك لە جیاوازییە فیکرییەکان

ناوی کتێب: چەند وێستگەیەك لە جیاوازییە فیکرییەکان

ناوی نووسەر: محمد رضاجوزی، محەمەد سەعید حەنایی کاشانی

جۆن ماکوری، ئەریك ماتیوز، گۆڤاری لۆمۆند،

بابك احمدی ، د. احمدی نقیب زادە

وەرگێڕانی: ڕێبوار حەمە تۆفیق

بابەت: فیکری

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ:١٥٠٠ دینار

ژمارەی سپاردن: ٣٦٩ی ٢٠٠٧

چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی : یەکەم ساڵی ٢٠٠٧

کوردستان -سلێمانی

www.sardamco.com

محمد رەزا جوزی – اریك ماتیوز – محمد سعید حنایی كاشانی

جون ماكوری – بابك احمدی – د.احمدی نقیب زادە

چەند وێستگەیەك لە
جیاوازییە فیكرییەكان

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ڕێبوار حەمە تۆفیق

سلێمانی ٢٠٠٧

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (٤١١)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

پێڕست

بابەتەکان	لاپەڕە
پێشەکی وەرگێڕی کوردی	٧
نیچە ك هایدگەر و تێڕامان (محمد ڕەزا جوزی)	٩
میشێل فۆکۆ (اریك ماتیوز)	٢١
دەربارەی فۆکۆو دێرینەناسی/ بنەچەناسی (محمد سعید حنایی کاشانی).	٣٥
دەربارەی زەردەشتی نیچە کێیە (محمد سعید حنایی کاشانی	٤١
شیکردنەوەی بونگەری (جون ماکوری)	٥١
گفتوگۆ لەگەڵ (تۆماس کۆهن)دا(گۆڤاری لۆمۆندی فەرەنسی)	٦١
فەیلەسوف و سیاسەتمەدار (بابك ئەمەدی)	٧٣
دابەشبوونی ڕێکخراوەیی و ڕیزبەندی پلەحیزبییەکان (د.احمدی نقیب زادە)	٩٣

پێشەکی وەرگێڕی کوردی:

ئەو نوسینانەی کە لەدوو توێی ئـەم نامیلکەیـەدا هـاتوون، تێکـڕا دەقـی فیکرینو پەیوەندییان بەلایەنە جیاوازەکانی(فەلسەفە، هزر، مێژوو، بونگەری، سیاسەت، زمانەوانی.... هتـد)یـەوە هەیـە.هەریەکـەیان لەشـوێنی خۆیـدا، وەڵامدەرەوەی ئەو پرسـیارەن کـە لەسـەر جیـاوازی وێـستگەیەك لەوێـستگە فیکرییەکان دەکرێت.

لەڕاستیدا، بۆ تێگەیشتن لەگۆشەنیگای فەلسەفەی فەیلەسوفێك،یان فیکری بیرمەندێك، لەسەر لایەنێك لەلایەنە فیکرییـەکان، ناکرێـت نەگەڕێینـەوە بـۆ دەقەکانیانو لەوێوە وەڵامی پرسیارەکان دەست نەخەین. ئەمـە ڕاسـتە، بـەڵام ناکرێ سەرنجی فەیلەسوفانو بیرمەندان خۆشیان لەسەر بەراوردکاری بیری خۆیان لەگەڵ بەرامبەر، یان ئەوی تردا بەهەند وەرنەگرین. ئەگـەر ئـەم دەربڕینـە بـە جۆرێکی تر کورت بکەمەوە، دەبێت بڵێم: بەمەبەستی ئاشـناکردنی خوێنـەری کورد بە چەند وێستگەیەکی یەکجار بچوك لەجیاوازی نێـوان ئاڕاسـتەو بـیری فەیلەسوفێك یان نووسەرێك ، هەوڵمداوە چەند دەقێك کۆبکەمەوە کە لەلایەك وەك دەقی فیکری وەرگێڕدراو وابن و لەلایـەکی تریـشەوە لەچوارچێوەی ئـەو دەقانە خۆیادا، ئەو جیاوازییە ڕون ببێتەوە کە لەگـەڵ ئـەوی تـردا هەیـە، بـۆ نموونە جیاوازییە فیکرییەکانی نێوان(مرۆڤگەراییو ڕەچـەڵەك ناسـی، فیزیـای کۆنو فیزیای نوێ، دیاردەی وەرگێڕدراو و دیاردەی وەرنـەگێڕدراو، حەقیقـەت

لای پۆپــەرو حەقیقــەت لای تۆمــاس کــۆهن، مێــژوونوس‌و فەیلەســوف، سیاسەتمەدارو فەیلەسوف، بونی مرۆڤی‌و بونی نامرۆڤی ،دەسەڵاتی ڕاستەقینەو دەسەڵاتی ڕوکەشی ...) کەم تا زۆر لێرەدا ڕون کرانەتەوەو هەر لەبەر ئەمــەش بووە کە ناوم لێناون(چەند وێستگەیەك لەجیاوازییە فیکرییەکان) . لەڕاســتیدا نەریتی هەندێ دەق لەوەدایە کەلەخودی خۆیدا پێویستی بــەوە هەیــە کــە ڕوی خۆی لەڕوی ئەوی تر جیابکاتەوە تــا وەك لــەوی تــر جیابکرێتــەوەو وەك ئــەو نەناسرێت. بۆ ئەم مەبەستەش ئەوەم بەهەند وەرنەگرتووە کە ئایــا جــۆری ئــەم دەقــە لەســەر چ ڕەوتێکــی بزوانــدن دامــەزراوە. بــۆ نموونــە ئــەم جیاوازییــە لای(تۆماس کۆهن) لەئەنجامی گفتوگــۆوە دێــت‌و لــەوێوە پێمــان دەڵێــت کــە مێژوونوسی زانست‌و فەیلەسوف لەیەکتری جیاوازن ، یان لای(نیچە) لــەخودی دەقە نووسراوەکەی بەرامبەرەوە دەتوانین(زەردەشــت) لەشــێوەکانی(مرۆڤێکــی ئاسایی، نەمرێك، پێغەمبەرێك...) جیابکەینەوە . هەروەها لەڕێگــەی(بابــك احمدی)یەوە لەوە تێدەگەین ئایا(ڕۆســۆ)(ئــەفلاتون) چــۆن جیاوازییــان کــردووە لەنێوان کاری سیاسەتمەدارو کاری فەیلەسوفدا ، یان لەڕێگــەی (دۆرجــە)وەیــە کەدەسەڵاتی ڕاستەقینە لەدەسەڵاتی ڕوکەشی جیادەکەینەوە .

بەو هیوایەی کە ئەم چەند وێــستگەیە، دەروازەیــەك بێــت بــۆ تێگەیــشتن لەچەمکی جیاوازی لەلایەك‌و جیاکردنەوەی هەندێ چەمکی تر لەیەکتری ترەوە کە لێرەو لەوێ وەك هاوواتا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

نیچه،
هایدگەر و تێڕامان

نووسینی: محمد رضاجوزی

هایدگەر دەڵێت: لەرۆژئاوادا قسەوباسێکی زۆر سەیر لەبارەی نیچەوە دەکرێت. هەندێك بە شێتو شەیداییەوە ستایشی دەکەنو هەندێکی تر بە تاوانبارو نازناوی ناشیرین ، سوکایەتی پێدەکەنو هەندێکی تریش کە تەنها زانیاری گشتییان لەفەلسەفەی نیچەدا هەیەو بێ ئەوەی کە قووڵ ببنەوەو بێ جیاوازی کردن، وەکو ڕێبوارێك بە کەناریدا تێدەپەڕن، بەڵام قسەی ئەم سێ جۆرە، بە باشو خراپەوە، پەیوەندییان بە نیچەوە نییە. هەروەها، نیچەش پێشوەخت چارەنووسێکی وەهای بینیوەتەوە کاتێك کە لەزمانی زەردەشتەوە دەنووسێت: ((**ئەوان هەموو دەربارەی من قسە دەکەن، بەڵام کەسێ بیر لەمن ناکاتەوە.**))چۆن بیر لەو بکەنەوە هەروەکو هایدگەر دەڵێت: ((**بێ بیری ئەمڕۆ کە دیدەنیکەرێکی نەناسو نادیارە، لەهەموو جێگایەکدا دێتودەچێتو لەپشت ژووری هەموو قەڵەم بەدەستانو قسەکەرانەوە بە چاوەڕوانییەوە وەستاوە.**))

نووسینەکانی هایدگەر، گەواهی دەرن لەسەر لایەنگری زۆر لەم هاوولاتییە تەنهایەی خۆی، درێژترینو گەورەترین کتێبی خۆی کە لەچوار بەرگدا کۆکراوەتەوە، بۆ لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی بیروڕاکانی نیچەی تایبەت کردووەو ساڵانێکیش لەزانکۆکانی ئەڵمانیادا نیچەی وتووەتەوە.

ئەگەر ووشەی(خۆشەویستی) بەکار بهێنمو بڵێم هایدگەر لایەنگری نیچە بووە، ئەمە بەو مانایە نییە کە هایدگەر خواستو مەبەستی خۆی لەنیچەوە هێنابێت، یان ڕاڤەکەرو لاسایی کەرەوەی پەیڕەوی نیچە بووە، چونکە نیچە هۆگرە بە جیهانی میتافیزیکەوەو مەبەستی بووە کە لەم جیهانەدا نیشتەجێ

بێت، بەڵام هایدگەر لەم جێگە باوەدا، دوو هەزار ساڵە دوور کەوتووەتەوە و قیبلەگای تری هەیە کە لێرەدا جێگای باسکردن نییە .

خۆشەویستی ئەو بۆ نیچە، بەهۆی قووڵبوونەوەی ئەوەوەیە لەمێژووی ڕۆژئاوادا. لەبنەڕەتدا، خۆشەویستی بیریارە گەورەکان بەیەکترییەوە، بەوە دانانرێت کە ئەوان لەبابەتدا(یەك گوتار)بووبێتن، بەڵکو ئەم خۆشەویستییە دەگەڕێتەوە بۆ هاوگوتاری وجدی بوونیان. لەمێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوادا کەسانێکی ڕووکەش‌و بیرورا شێوایش هەبوون کە وەکو مۆمێکی نیوەگیان، بەڵام وەك(پلیتە) پڕ دووکەڵ بیریان ناڕاستێتی ڕۆشنکردووەتەوەو نەبوونەتە مایەی هۆشیاری لەڕابردوو ئایندەدا.

نیچە ناوی ئەم چەشنە کەسانە بە((ڕواڵەت قووڵ)) دەبات کە جیاوازییان لەگەڵ بیریارانی قووڵدا لەوەدایە کە قووڵ ڕۆچووانی ڕاستەقینە ((**خۆیان دەزانن کە قووڵن‌و بۆ ئاشکرایی‌و ڕۆشنی هەوڵ دەدەن، بەڵام ئەوان کە دەخوازن خۆیان بۆ خەڵکی سادە (عەوام) قووڵ نیشان بدەن، هەوڵیان بۆ تاریکی‌و نادیارییە، چونکە خەڵکی سادە بڕوای وایە کە ناتوانێت بە بناغەی شت بگات ، کە ئەو شتە بۆ خۆی قووڵە . ئەم جۆرە کەسانە ، زۆر لاوازو ترسنۆکن‌و لەچوونە خوارەوەی قوڵایی هەڵدێن.**)) *

لەڕوانگەی هایدگەرەوە نیچە بیریارێکی قووڵە، کە بەچاکی دەزانێت فەلسەفە مانای چییەو زانینێکی زۆر دەگمەن‌و بەنرخی هەبووە، هەروەکو نیچە خۆیشی دەڵێت: ((**فەیلەسوف گیایەکی دەگمەن‌و ناوازەیە**)).

---

* نیچە، دانش مسرت بخش، ترجمە انگلیسی: والتر کافمن، صفحە ۲۰۱، بند ۱۷۳

هەر بیریارێكی گەورە، تەنها "یەك بیر" ی هەیەو هەمیشە بەهەمان یەك بیرییەوە تێدەفكرێت. مەبەست لە وشەی "هەمان" ئەوە نییە كە ئەوان یەك شت دەڵێنەوە، بەڵكومەبەست ئەوەیە یەك پرسیاریان هەیە كە بریتییە لەوەی ((مەوجود چییە؟)) ئەم پرسیارە، پرسیارێكی جێگیرو هەمیشەیی میتافیزیكە، میتافیزیك هەمیشە ئەم پرسیارە لەمەوجود دەكات . واتە لەمەوجودی ڕەها یان گشتی دەپرسێ‌و لەهەمان كاتدا پرسیاری لەم جۆرە دەوڵەمەندو فراوان كە كۆن‌و خامۆش نابێت لەلایەن بیریارانی گەورەوە كە ژمارەیان هەمیشە كەمە، كراوە و وەڵام دراوەتەوە. نیچەش یەكێكە لەم بیریارانە و لەبارەی بنەڕەتێتی خودو ڕاستێتی مەوجودەوە پرسیاری كردووە و وەڵامی داوەتەوە . وەڵامەكەشی بریتییە لەوەی كە مەوجود ((ئیرادەی هێز))ە. ئیرادەی هێز، ناونیشانی دوایین كتێبی نیچەیە كە گرنگترین بابەتی بیركردنەوەی ئەوی تێدایە.

(ئیرادەی هێز) سەرنجی تایبەتی نیچە نییە، بەڵكو بە ووتەی هایدگەر (بڕیاردانە بەسەر مێژووی ڕۆژئاوادا) كە لەزمانی نیچەوە خراوەتەڕوو. هەروەكو دەزانین ئەم كتێبە تایبەتە بە بیری هەشت ساڵەی كۆتایی نیچەوە، بەڵام نیچە وەكو تەواوكردن نەیتوانی تەواوی بكات. ئەوەی كە بەناوی((ئیرادەی هێز))ەوە لەبەردەست دایە، تەنها سەر دێڕو پێشنیازە گشتییەكانە، بەڵام ئەم كتێبە ناونیشانێكی تریشی هەیە كە لاوەكییە، ئەویش بریتییە لە((هەوڵدان بۆ هەڵسەنگاندنەوەی نوێی هەموو بەهاكان)).پێشنیازی ڕیشەیی‌و بنەمایی لەكتێبی((ئیرادەی هێز))دا، هەروەكو نیچە خۆی نووسیویەتی بەم شێوەیەیە:

ئـیرادەی هێـز

هەوڵدان بۆ هەڵسەنگاندنەوەی نوێی هەموو بەهاکان

کتێبی یەکەم : هیچگەرایی ئەوروپایی

کتێبی دووەم : ڕەخنە لەبەها بەرزە کۆنەکان

کتێبی سێهەم : بنەمای بەها نوێـیەکان

کتێبی چوارەم : ڕێکخستنو چاککردنی بنەچـە

مەبەستی نیچە لە((بنـەمای بـەها نوێیـەکان)) بریتییـە لـە داڕشـتنەوەی بنچینەی بونیادی بەهاکان . لەڕوانگەی نیـچەوە ، کـارێکی لـەم جـۆرە ، بـە فەلسەفە نەبێت ناکرێت. فەلسەفە بۆ نیچە ، بنەمای جۆرە بەها گوزارییەکە . واتــە : فەلـسەفە دامـەزرێنـەری بـەرزترین بەهایـە کـە دەرخـەرو لێکۆڵـەری مەوجودەو هەموو مەوجودەکان پێویـستیان بـە بناغـەی ئـەم هەڵـسەنگاندنە هەیە. بەرزترین بەها ، بریتییە لەو بەهایەی کە بناغـەی بـوونی بونـەوەرەکان پێك دەهێنێت.

لەلایەکی ترەوە ، مەبەستی نیچە لە ((بەهاگەلی نوێ)) دانـانی بەهاگـەلی نوێیـە کـە نـەك هـەر جیـاوازو پێـچەوانەی بەهاگەلـە کۆنەکانـە ، بـەڵکو نەیاریشیانەو دەبێتە دەستنیشانکەری"ئاینده"ی مـرۆڤیش. لێرەشـەوە نیـچە باسی ڕەخنە لەبەها بەرزە کۆنان دەخاتە قۆناغی دووەمەوە . ئەو بـەها کـۆنو بەسەرچووانەی کە نیـچە مەبەسـتی ڕەخنـە لێگرتنیانـە، بـریتین لـە: دیـنو فەلسەفە و ڕەوشتی مەسیحییەت . شێوازی نووسـینو تێڕوانینـی نیـچە ، بـە زۆری نادیارو گومڕاکەرەیە ، چونکە دینو فەلسەفەو ڕەوشت، خـۆی لەخۆیـدا

بە بەهای بەرز دانانرێن، بەڵكو شێوازو ڕێگاكانی دانانی بەهاو بە تایبەتیش دەرخستنی كارەكان و چەسپاندنی بەهاكانیان پێویستییە و تەنها بەم مانایەش بە بەهای بەرز دادەنرێن.

مەبەستی نیچە لەڕەخنە لەبەها بەرزەكان، تەنها نەریَ كردن و ڕەتكردنەوە یاخود ڕاگەیاندنی بیَ نرخییان نییە، بەڵكو مەبەستی لێكۆڵینەوەی ڕیشەییو پیشاندانی سەرچاوەی بەها كۆنەكانە كە وەكو كاروباری باركراو پێویستە لەگەڵ بەها نوێیەكاندا مانای هەبێت. بەم پێیە ((ڕەخنە لەبەها بەرزە كۆنەكان)) بەدیاری كراوی بریتییە لە ڕوونكردنەوەی سەرچاوەی گومانكردنو ناجێگیری ئەم بەهایانە . بە شێوەیەكی گشتی سەلماندنی ئەم خاڵە ، ئەوە دەگەیەنێت كە تەواوی بەها كۆنەكان جێگەی پرسیار لێكردنن.

بەر لەم باسە، نیچە لەكتێبی یەكەمدا كە بەناوی((هیچگەرایی ئەوروپایی ڕۆژئاوا))ەوە پێشكەشی كردووە . بە سەرنجدان لەم ناونیشانە، دەتوانین بڵێین: نیچە بە شێوەیەكی گشتی تێڕوانینێكی هەمەلایەنەو هەمەگیری هەیە دەربارەی ڕەوتی پێگەیشتنی مێژووی خۆرئاوا و ئەوە نیشان دەدات كە چۆن هیچگەرایی لەمێژووی ڕۆژئاوادا بەهێزو بەرفراوان بووە . لەڕوانگەی نیچەوە ، هیچگەرایی تیۆرێك یان (جیهانبینی)یەك نییە كە لەكاتو شوێنێكی تایبەتیدا پەیدا بووبێت ، بەڵكو هیچگەرایی(سیفەتی زاتی) مێژووی ڕۆژئاوایە. بە كورتی مەبەست لەهیچگەرایی ئەوەیە كە چۆن باڵاترینو بەرزترین بەهاكانی تاك گەرایی وەك ((بیَ بەهابوونی بەرزترین بەهاگەلی كۆن)) دەرخەری ئەو ڕاستییەیە كە نەتەنها بڕیارو یاساكانو دەستووری

مەسیحییەت، بەڵکو ڕەوشتی سەردەمانی هیلنیو فەلسەفەی ئەفلاتونیو ... هتد ، کە هێزی کاریگەرو پەیوەندی خۆیان لەدەست داوە ، هۆی یەکێتیو بەشداری مرۆڤیش نین و هێزیان لەداهێناندا ڕوو لەلێکەوتنو ئاوابوونە.

لەڕوانگەی نیچەوە ، نابێت هیچگەرایی وەك جۆرێك لەپەرەسەندنی مێژوویی ببینرێتەوە لەسەردەمی نیچەدا، یان ماوەیەك کە تەنها پەیوەندی بە سەدەی نۆزدەهەمەوە هەبێت، بەڵکو هیچگەرایی، پێش مەسیحییەت دەستی پێکردووە و لەگەڵ گەیشتنی سەدەی بیستەمیشدا بەردەوام بووەو لەدیدی هایدگەرەوە ، سەردەمانی مۆدێرنێتەو پۆست مۆدێرنیتەشی خستووەتە ژێر هەژموونی خۆیەوە. هیچگەرایی ، تەواوی سەردەمو قۆناغەکانی مێژووی ڕۆژئاوای داگیرکردووە . جێگەی سەرنجە کە هیچگەرایی لەڕوانگەی نیچەوە ، تەواوی دارژانو ڕوخاندنو فەسادی بەهاکان نییە ، بەڵکو وەسفی بزوتنەوەیەکی مێژووییە کە نە تەنها توانای ئەو ناتەواو نییە، بەڵکو هەمیشە ڕوو لەزیادبوونیشە.

فەسادو دارمان "هۆکار"ی هیچگەرایی نییە ، بەڵکو دەرئجامو کاریگەری ئەوە . بەم پێیەو بەبێلایەنکردنی پەیوەندییەکانی فەسادو دارمان، ناتوانین بەسەر هیچگەرایدا زاڵ ببین، بەڵکو هەنگاونانێکی لەمجۆرە، تەنها گەشەکردنی کەمێك دوادەخات.

هایدگەر دەڵێت: بۆ ئەوەی لەمەبەستی نیچە لەهیچگەرایی تێبگەین، پێویستیمان بەئاگاییەکی قووڵو جدیی فیکری هەیە. سەرنجدان لەپێویستی خودی هیچگەرایی بۆ مێژووی ڕۆژئاواو زەروور بوونی ڕەخنەگرتن لەبەها

كۆنــەكان و دانــانی بەهاگــەلی نــوێ، ناچــاری هەڵــسەنگاندنەوەی بــەهاكانمان دەكەن.

بەم پێیــە ، ناونیــشانی لاوەكــی كتێبــی((ئــیرادەی هێــز) واتــە: هەوڵــدان بۆهەڵسەنگاندنەوەی نوێی هــەموو بــەهاكان لــەقۆناغی فەلــسەفەی نیــچەدا، گۆڕاوە بۆ ناونیشانی سەرەكی كە بە ووتەی خودی نیچە ((دژە شالاَو))ە لەسەر هیچگەرایی.

ئەم دژەشالاَوە ، لەڕاستیدا خۆی لەخۆیدا بزوتنەوەیەكی مێژووییــە ، بــەلاَم هــیچ بزوتنەوەیــەكی مێــژوویی ناتوانێــت لــەدەرەوەی دەقــی مێژوویــیەوە سەرهەڵبدات و ڕەخنە بە ئازادكراوی لــەدەرەوەی بزوتنەوەیــەكی مێژوویــیەوە بهێنێتە ناوەوە.

بزوتنەوەیەكی مێژوویی ، كاتێك مێژوویی دەبێت كە بتوانێت بە شێوەیەكی ڕیــشەییو هەمەلایەنــە بــڕوات كــە ئــەو ڕابــردووەی لەدواوەیــەتی بەســەریدا سەركەوتن پەیدا بكاتو شێوەی نوێ دروست بكات. بەهاگــەلی نــوێ، ئەگــەر نەتوانێت مەیلی تیۆریو كارەكی نوێ بهێنێتە ئاراوە و بیری گونجاو بــۆ خــۆی دابمەزرێنێت ، ئەوا هیچ كاریگەرییەكی نابێت.

هەر جۆرە بەهاگوزارییەكی نوێو دامەزرانــدنی بەهاگــەلی نــوێ، نەتــەنها پێویستە(ئیمكانات)ی تایبەتی بە تێگەیشتنی خۆی ئامــادە بكــات ، بــەڵكو پێویستیشە نەوەیەكی نوێ لەمرۆڤ پەروەردە بكات كە خــاوەنی مــەیلی كــاری نوێ بنو پەیوەندیــداربن بــە بەهاگــەلی نوێــوە و بتــوانن ئاینــدە بــەپێی ئــەم بەهاگەلە بنەخشێننو نەوەی ئایندە ڕێنمایی بكەن . بۆ هێنانە دی ئەم كــارە،

پێویستە هەلومەرجی پێویستی نوێ ئامادە بکرێتو ئەم بزوتنەوە مێژووییە نوێیە زۆرترین کاتی قەومێك یان میللەتێك داگیر بکات . سەردەمە گەورەکانی مێژوو بەدیاری کراوی بە بەڵگەی ئەوەی کە گەورەو گرنگ بن زۆر دەگمەنو ناوازەیە . تەواو هەروەکو ئەوەوایە کەساتی گەورە لەژیانی تایبەتی مرۆڤدا لەساتێك زیاترنەبێت و زۆر ناوازە بێت .

هەر بەها گوزارییەکی نوێ ، پێویستی بەداهێنانی هەندێ هەلومەرجی نوێو جێگیر هەیەو ئەم هەلومەرجەش پێویستی بە بەهاگەلی نوێیو گونجاوو هاوتا هەیە. هەر لێرەشەوەیە کە کتێبی((ئیرادەی هێز))ی نیچە ، بە کتێبی چوارەم کۆتایی پێدێت کە ناونیشانەکەی ((ڕێکخستنو چاککردنی بنەچە))یە.

لەڕوانگەی نیچەوە، دانانی بەهاگەلی بەرزی نوێ بە هەنگاوێكو لەبزوتنەوەیەکی کتوپڕدا نایەتەدی، بەڵکو پێویستی بە ڕەنجی درێژ خایەن هەیە.

داهێنەرانی بەهاگەلی نوێ، ئەو فەیلەسوفو هونەرمەندانەن کە لەڕیزی پێشەوەی سەنگەری بیرکردنەوەدان . لەڕوانگەی نیچەوە، فەیلەسوفو هونەرمەندان ، تاقیکەرەوە و ئەزموونداری گەورەی مێژوون. ئەوان پێویستە ڕێگای بەردەڵان ببڕنو توانای ژیانیان هەبێت لەقەڵای سارد و سەهۆڵبەنداندا.

وەکو پێشتر ووتم : دانانی بەهاگەلی نوێ ، پێویستی بە بیرکردنەوەی بیری فەلسەفی بەتوانا هەیەو هەربیرێکی فەلسەفی، پێویستە بنەماو پایەی نوێی هەبێت. ئەم پایەو بنەمایە ، بەدیاری کراوی هەمان ئەو شتانەیە کە بیریارانی پێشو لێی بێ ئاگابوون . لەڕاستیدا وتەکانی ئەوان ئەوەیە کە پێشینان نەیان وتووە.

نیچە باوەڕی وایە کە لەسەردەمی((مەترسی گەورە))دا، فەیلەسوفەکان سەرهەڵدەدەن . هایدگەر ئەم قسەیەی نیچە بەوشێوەیە لێکدەداتەوە کە پرسیاری سەرەکی فەلسەفە ، پرسیارێکی مەترسیدارە ، چونکە وەڵامی ئەم پرسیارە ، دیاریکەری مێژووی ئایندەی قەومو میللەتێکەو هەنگاوی خستنە ڕووی پرسیارێکی لەم جۆرە، کە فەیلەسوف دەکەوێتە نێوان دووڕیانی"بوون"و"مەوجود"ەوە و مەترسی لەم هەڵبژاردنەدایە. فەیلەسوف لێرەوە فەیلەسوفە کە هەمیشە بپرسێت "مەوجود چییە؟" بەڵام ئایا لەجێگای وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا ، مەوجود لەبەر تیشکی"بوون"دا دەبینرێتەوە و بونیادی مەوجود بە بوون دیاری دەکرێت ؟ یان دووبارە مەوجودێکی تر وەك بنەماو ڕەسەنێتی مەوجودەکان هەڵدەبژێررێت؟

نیچەی بیریار، بەجدیەتەوە هەرچی زووترە دەست دەکات بە هەڵبژاردنی دووەم و لەگەڵ ووتەی((ئیرادەی هێز))دا دەربارەی مێژووی میتافیزیك تەواوی دەکات. مەبەست لەتەواوکردن لێرەدا، لاوازبوونی میتافیزیك یان زیاتربوونی قۆناغێك نییە لەمێژووی میتافیزیکدا بەسەر قۆناغێکی ، بەڵکو مەبەست لەتەواوکردن، دەسەڵاتی تەواوو بێ چەندوچوونی مەوجودە و بێ ئاگایی تەواوەتییە لەڕاستێتی بوون. جیاوازی هیچگەرایی نیچەو هایدگەر ئەوەیە، کە لەڕوانگەی هایدگەردا هیچگەرایی بریتییە لەتێنەگەیشتنو لەبەرچاو نەگرتنی بوون، کە نیچەش لەم ڕوانگەیەوە دوایینو گەورەترین هیچگەرایی مێژووی ڕۆژئاوایە.

هایدگەر باوەڕی وایە کە ئێمە هێشتا ئامادەی ڕووبەڕوو بوونەوە نین لەگـەڵ نیچەدا تاوەکو پێی ئاشنا بین، ڕەنگە هۆی ئەمەش ئەوەبێت کە هێـشتا نیـچە بۆ ئێمـە زۆر هاوچـەرخەو هێـشتا بـە ئەنـدازەی پێویـستو تـەواو لەسـەری نەوەستاوین تاوەکو بتوانیین بیناسین. بۆ ناسینی نیچە ، پێویستە بیر لەهەمان ئەو ڕێیە بکەینەوە کـە نیـچە دەیبڕێـت تـاوەکو بـزانین چـۆنو بـە چ جۆرێـك ئەو(نیچە)حەقیقەتی بونەوەرەکانی بە((ئیرادەی هێز))زانیوە.

سەرچاوە:

ئەم نووسینە لەگۆڤاری(ادبیات وفلسفه)وە وەرگیراوە، ژمارە(٣٥) شهریور ١٣٧٩، صفحه ٢٢ـ ٢٧.

میشێل فۆکۆ

اریك ماتیوز

یەکێکە لەو فەیلەسوفە فەرەنسییەی کە بێگومان لەژێر کاریگەری نیـچەدا بووە و دەتـوانرێ بەلایـەنی کەمـەوە بـە بەڵگـەی کـارە سـەرەتاییەکانی بـە ((بونیادگەر)) ناوبرێ (بەهەمان واتای نیگاکردنی سانا، کەلاکان بە بونیادگەر ناودەبرێ) . فۆکۆ لاوێکی پزیشك بوو. لەساڵی ١٩٢٦دا لە(پواتیـە)هاتووەتـە دنیـاوە . دوای تـەواوکردنی قۆنـاغی سـەرەتایی لەیـەکێك لەقوتابخانـە کاسۆلیکەکاندا، چووە قوتابخانەی شەوانە ڕۆژی هانری چوارەم لەپاریس. دواتـر چووە(نرمال سوپریور) تاوەکو لەوێ فەلسەفە بخوێنێت . دەتوانین لەگەڵ مۆریس مورلوپوتنی، جاك هیپۆلیت، لیو ئەلتۆسێردا، لەکۆمەڵەی مامۆستایان ناوی بەرین. لەساڵانی دوایی تەمەنیدا، ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست بووە ، تـاوەکو لەساڵی ١٩٥١دا وازی هێناوە . دوای پشویەك لەسەر ئەوانەی پێی گەیـشت، بەخێرایی پەیوەندی فیکری خۆی بە فەلسەفەوە (بە واتای باو)گرێدا.

(ئەگەرچی من ئومێدەوارم ئەوە نیشان بدەم کە فۆکۆ لەتـەواوی مـاوەی نووسـینە سـەرەکییەکاندا بـە فەیلەسـوفی ماوەتـەوە)، پزیـشکی دەرونـیو مێژوونووس بووە، بەڵام لەڕاستیدا نامەی دکتۆراکەی لێکۆڵینەوە بـوو لەسـەر مێـژووی شـێتی. هـەر ئەمـەش بـوو کـە زەمینـەی خـۆش کـرد لەبـەردەم ئامادەکردنی یەکەمین نووسینی سەرەکیدا کەلەساڵی ١٩٦١دا بڵاوبویـەوە بـە ناوی شێتیو بێ ئەقڵییەوە (مێژووی شێتی لەسەردەمی کلاسیکیدا) (**folie et deraison: histoire. Deia Folie a lage classique**) کـە ئـەم بەرهەمـەی

لەئەنجامــــدا ولەســـــاڵی ١٩٦٤دا، بــــەناوی ((شــــێتیو شارســــــتانێتی)) Madness and civilization وەرگێڕدرا بۆ زمانی ئینگلیزی)

لەساڵی ١٩٦٠دا ، فۆکۆ بە سەرۆکی بەشی فەلسەفە لەزانکۆی ((کلرمون ـ فران))دامەزرا، هەر لەو ماوەیەدا بوو نووسینێکی نووسی کە بۆیەکەمین جـار ئاراستەی گشتی ئەوی تیا وێنەکێشرا، ئەویش(وشــەکانو شــتەکان)بــوو، ئـەم کتێبــــە (Les Motset les choses) کــــە لــــەوەرگێڕانی ئینگلیزیــــدا: دامــەزراوەی(نــەزم) شــتەکان the order of Things) ە لەســاڵی ١٩٦٦دا بڵاوکرایەوە بووە هۆی ئەوەی بانگێشت بکرێت بۆ زانکـۆی پـاریس(ونـسان) . تــاڕەوتی ڕاپـــەڕینی خوێنــدکارانی ١٩٦٨ لــەوێ وانــەی دەوتــەوە . لەســاڵی ١٩٧٠دا، کورسی خوێندنی مێژووی نیزام گەلی فیکری لەکۆلیژی(دوفـراس)دا پێدرا. لەوکاتەوە تاوەکو کۆتایی تەمەنیو مردنی لەساڵی ١٩٨٤دا، بــەردەوام بووە لەکاری وانەوتنەوە، نووسـین، لێکۆڵینــەوە، ڕۆژنامەگــەری وتێهەڵــچوون لەڕێگای چەپ گەرایانەو مافی هاوڕەگەزیدا.

یەکەمین پرسیارێك کە ڕەنگە لەبیری هەر کەسێکدا بێت کـە شـوێنکەوتەی فەلسەفەی ئەنگلۆساکسۆنی بێت، ئەوەیە کە ئایا فۆکۆ لەبنەڕەتدا فەیلەسـوف بــووە یــان نــا؟ نزیکــەی تــەواوی نووســینەکانی ئــەو، یــان ژمارەیــەکی زۆر لەوتاروچاوپێکەوتنەکانی دەربارەی بابەتی سیاسیو کۆمەڵایەتییە. کە لەچاوی ئــەنگلۆ ساکــسۆنەکاندا، لێکۆڵینەوەگــەلێکی وەهــان کــە بەمێــژووی فیکــر بــژمێردرێن . تەنانــەت لەنووســـینە بەناوبانگــەکانی فۆکــۆدا، هــەروەکو: دامەزرانــدنی (نــەزم)شــتەکان، ئارکۆلۆژیــای زانــین، بڕێکــی زۆری تیــادا تایبەتمەنــدکراوە بــە باسـی مێــژووەوە . گومــانی تیــادا نییــە کــە فۆکــۆ

لێکۆڵینەوەکانی لەزەمینەی مێـژوودا بـە ئـەنجام گەیانـدووە و پەیوەنـدی بـە مێژووەوە هەبووە، بەڵام هەروەکو پێشتر ئامـاژەم پێـدا، دەمـەوێت بڵـێم ئـەو لەهەمانکاتدا، بە مانـای وشـە فەیلوسـوفە. لێکۆڵینـەوەکانی ئـەو لـەبارەی مێژووی فەرهەنگییەوە جێگایـەکی گرنگـی هەیـە لـەناوەڕۆکی فەلەسـەفیدا. هەرچەندە هەندێ لەدیارترین ئەو نوسینانە، پەیوەندیان بە سەبکێکی سەیرەوە هەیە کە دەتوانین بە((فەلسەفەی دژە فەلسەفی)) ناوی بەرین.

وەها بۆچونێك بۆ لێکۆڵینەوە مێژووییەکان، بەم جۆرە واتایە، خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لەدژە فەلسەفی. فۆکۆ بەبەڵگـەی گومانـەکانی ، جۆرێـك مـۆدێرنی خـۆی بـە دەسـەڵاتدارێتی میتافیزیـك، یـان تیـۆرە گـەورە فراوانـەکان دەربـارەی((مرۆڤناسـی فەلـسەفی))لەشـێوەی شـرۆڤە گـشتییو کۆنـەکان دەربارەی((سروشتی مرۆڤی))، بێ گومان بۆ گەیشتن بەئەندێشەکان لەبۆتـەی مێژووییانـەوە وەردەگـرت. لەهـەمان ڕێگـەوە ئـەو بـەدگومان بـوو لەسـەر بەتیۆرکردنی گشتی لەزانستە مرۆڤایەتیو کۆمەڵایەتییەکانـدا کـە هەمیـشە وەها شرۆڤەکانی دەربارەی سروشتی مرۆڤایەتی پێش هات دەکرد. لێکۆڵینەوە لەگۆڕانکارییە مێژووییەکانی مرۆڤو هەوڵدان بۆ دەرخستنی ئەم خاڵە ، ناتوانین بڵـێین یـەکێك لەوەرگرتنـەکانی(ڕاسـترە)، لـەوەرگرتنێکی تـر. یـەکێك بـوو لەڕێگاکانی سست کردنی بناغـەی تیۆریـای گـەورەی میتـافیزیکی. لەمـەوە تێدەگەین کە گۆشەنیگای ئـەو لەسـەر"بونیادگـەری" ، هـەمان بـەدگومانی مۆدێرنـە بـووە لەسـەر تیـۆری کردنـی جیابونـەوەی گـەورە . ئـەو دەڵێـت: ((**بونیادگەری ڕەوشێکی نوێ نییە، ئاگاییەکی بێدارو ڕەنجی گۆشەنیگای بیری مۆدێرنەیە**))

بۆ جیاوازی فۆکۆ لەگەڵ((مرۆڤ گەراکان))دا، دەبێت لەژێر ڕۆشنایی هەمان دیاردەی مرۆڤناسی فەلسەفیدا تێبگەین، کاتێ ئەو لەکۆتایی دامەزراوەی (نەزم)ی شتەکاندا دەڵێت: ((**هەروەکو شوێنەوارناسی بیری ئێمە، بە ئاسانی نیشانی دەدات کە مرۆڤ داهێنراوی سەردەمانی کۆتاییە، داهێنراوێك کەچی زۆرتر لەکۆتاییی خۆی نزیك دەبێتەوە**)) . نایەوێت کە بڵێیت مرۆڤ هەڵهاتووە یان لەشوێنی مرۆڤ لەگەڵ شتی تردا لەنموونەی سەیارەو جۆری تری بونەوەر، باوەڕی هەبێت. بە پێچەوانەوە هەروەکو زەمینەی لێکۆڵینەوەکە نیشانی دەدات، بەرهەمی لەوەدا بووە کە چەمکی سروشتی مرۆڤ کە ئێمە ئەمڕۆ بەکاری دەهێنین، بەبەرهەمی بارودۆخێکی مێژوویییەوە تایبەت بووە. بەرهەمێك((گۆڕانی قەواعیدی سەرەکی زانین))ەکە لەسەردەمی بزوتنەوەی ڕۆشنگەریدا پەیدابووە. ئەوبەردەوام دەبێت و دەڵێت: ((**ئەگەر بەرامبەر ئەوەبێت کە ئەم یاسایانە بە هەمان جۆری پەیدابوونیان پەیدانەبوبن ... ئەوا بێگومان دەبێ مەرج کردنی مرۆڤ هەروەکو درەوشانەوەیەك کە لەڕوی بەردەکانی کەنار دەریا دەبێتەوە، نەمێنێت.**))

فۆکۆ "بونیادگەری" خۆی لەنووسینە سەرەتاییەکانیدا، نە تەنها وەکو خستنەڕوی بەدگومانی بۆ تیۆرکردنی کۆن، بەڵکو بەبەڵگەوە ئەم بەدگومانییە دەخاتە ڕوو. لەدوای مێژووگەرایی، ئەو هەمان جۆر"چەرخی زمان ناسی" شاردۆتەوە کە ئێستا لەلای لاکان دەیبینین. تاکە بناغەی لێکۆڵینەوەکانی ئەو"هاووتن" یان"کاری هاووتنی"یە، کە کۆمەڵێك یاسای هەیە لەجێبەجێ کارییەکانو کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤەکاندا، ئەوەی کە(زانین)ی لەبیردایە لەقاڵبی ئەواندا دەخاتە ڕوو(**کە بریتییە لەگوێزانەوەی وتەی باڵاو کۆمەڵێك لە**

"بناغەی سەرەکی زانین". ئەو"کاری هاووتنی" بەو جۆرە پێناسە دەکات کە: (کۆمەڵێك یاسای مێژوویی نەناسراوە، کە هەمیشە لەکاتو شوێنی دیاری سەردەمێکی دیاری کراودا دیاری دەکرێت، کە ڕادەی کارکردنی پەیوەندی بە قسەی دیاری کراوی کۆمەڵایەتی، ئابوری، جوگرافی، یان زمانی دیاری کراوی مەرجدار بە ئەوەوە هەیە.)

ئەم یاسا(نەناسراو)انە، واتای یاسایەکیان نییە کە قسەکەری تایبەتی ئاگای لەو هەواڵە بێت، بەڵکو تەواوی ئەندامانی کۆمەڵ بە ئەندازەیەك پەیوەندییان پێیەوە هەیە . لەگەڵ ئەوەدا کە فۆکۆ لەپێشەکی چاپی ئینگلیزی دامەزراوە(نەزم)ی شتەکاندا بە"بونیادگەر" بوونی خۆی ڕەت دەکاتەوە ، بەڵام کاری هاووتنی ئەو بە ساتی ناگایی بوونی وەك"بونیادگەرەکان" وایە: ئەوان ((**نائاگایی خود جێگیری زانینیان هەیە: بە ڕوکەشی ئاگایی زانینیان نییەو لەهەمان کاتدا بەشێك لەوتنەکانیان زانستییە**)). لەمە زیاتر ئەم کاری "مێژوو"ییە، لەتەواوی کۆبونەوەکانو لەهەرکاتو شوێنێکدا بە دەست نەهاتووە، بەڵکو پەیوەندی هەیە بە قۆناغێکی تایبەتەوە لەگۆڕانی مێژوویی کۆبونەوەی تایبەتدا.

سەرەنجام ئەوانەی((مەرجی کارکردنی پەیوەندی قسەییان))هەیە، بە مانایەکی تر، یاسایان هەیە کە ئێمە دەتوانین بە دۆستایەتی بەوانەوە دەربڕیان بڕین کە ڕەنگە درۆ یان ڕاست بن ولەهەمان گۆشەنیگاوە بتوانین بە زانینیان لەقاڵب بدەین . بەرامبەر بەمە، دەبێت پێش هەر شتێك، ئەوانە یاسای گشتگیریان هەبێت تاوەکو دەربڕینی ڕاستگۆیانە جیابکەنەوە، بەڵام ئەگەر ئەم

کاری هاووتنییە بەو واتایە بێت کە ووتم"مێژوویی"، لەم بارەدا، یاسای جیاکردنەوەی ڕاست لەدرۆ، دەبێت تایبەت بکرێت بەکاتی دیاری کراوی گۆڕینی مێژوویی کۆمەڵگا تایبەتەکانەوە ، هیچ پێوانەیەك نییە بۆ جیاکردنەوەی درۆ لەڕاستی کە لەکارێکی هاووتنی تایبەتدا بەکار برابێت. واتە هیچ ڕێکخەرێکی جیهان نییە کە پەیوەندی هەبێت بە لۆجیك یان ئەقلانییەتەوە . لێرەدا دیاری کردنی ئەم ئاماژەیەو ئاماژەکانی وینگشتاین‌و واپسین بەم ناوەرۆکەوە کە تەنها لەزەمینەی(یاری کردن بە زمان)ی تایبەتەوە، بەشێك لە((شێوەی ژیان))ی تایبەت دیاری دەکات، دەتوانین بە واژەگەلی"وشەکان"وەکو "ڕاست" واتا ببەخشین کە جۆرێك لەلێکچون بەرچاو دەکەوێت.

ئەگەر حەقیقەت بەم شێوەیە مەرجی کاری هاوواتایی((هاووتنی)) تایبەت بێ، ئەوا دوائەنجام وا وەردەگرین کە کاری جیاوازی ، پێوانەیەکی ناپەسەندە. شتێك بەناوی حەقیقەتی "ڕەها" یان "عەینییەوە، ناتوانێت بوونی هەبێت‌و ئەگەر لەسەردەمانی جیاوازی مێژووییەوە سەیری بکەین ، ناتوانین مێژووی پێشڕەوی بە لایەنی حەقیقەتی عەینی دابنێین:

بەرامبەر بەمە، من لەگەڵ ناساندی پێشڕەوی زانیندا نیم کە بۆ لایەنی عەینییەتێك بتوانێت زانستی ئەمڕۆ، لەوەدا ئاوەڵا بکات . ئەوەی کە دەمەوێت ڕۆشنایی بخەمەسەر، لایەنی زانیاری ناسییە، زانیارییەك لەو زانینەی کە لەتەواوی پێوانەکاندا بگەڕێتەوە بۆ هەوڵی ئەقڵانی ئەو، یان شێوە عەینییەکانی ئەو ، سەربەخۆ بژمێردرێت و تایبەتێتی دەرخستنی خۆی پێوە

بلکێنێت و بەو شێوەیە مێژوو ئاشکرا بکات کـە نـەك مێـژووی پێگەیـشتنی ئەوە، بەڵکو مێژووی مەرجی وەرگرتنی ئەوە))

فۆکۆ تەواو دڵنیایە کە ئەو ڕەوشەی ئەو بەخشیویەتی بەم((لایەنەی زانیاری ناسی))، بەو شێوەیە نییە کە (هۆسرل) دەیخاتە ڕوو، تەنانەت بەو جۆرەشی کە (مرلو پونتی) بەکاری دەهێنێت.

دیاردەناسی دەگەڕێتەوە بۆ"ناوەڕۆك ناسـین"ی ئاگـابونی ئێمـە لـەخۆمان، بـــەناوی"زانیـــار"یـــان لێکۆڵـــەری زانـــین، کـــە((ناوەڕۆکـــەکانی)) زانـــین لەوەوە"دروست" دەبێت . فۆکۆ دەیەویست لەلایەنەکانی چـەمکی"نـاوەڕۆك" بگات و نەیدەویست ئینکاری ئەوەبکات کە"زانست"ناتوانێـت یـەك لایەنـەو سەربەخۆ لە"زانست کاران"و بیری بەئاگایانەی ئـەوان دەربـارەی کارێـك کـە دەکرێـــت پێـــی بگـــات، بـــەڵام دەیەویـــست بپرســـێت کـــە وەهـــا شیکردنەوەیەکی"دیاردە ناسانە" بـۆ دەوروبـەر بـە(کەڵەکـە بـوونی گـەورەی هاووتنی زانستی) بەسە؟ ئەو دەڵێت: بەرامبەر بـە مـافی داواکارییـەکی لـەم جـۆرە دەبێـت تـەواوی یاسـا نائاگاییـەکان بهێنینـە ڕوو کـە دیـاری کـراون لە"ناوەڕۆکە" تایبەتەکاندا کە چ شتێك لە"هاووتنی زانستی" دێنە ژمـاردن، یاســـایەك کـــە لـــەکاری هاووتنییـــە تایبەتەکانـــدا، گوزارشـــتی"ڕاســـت" لەگوزارشتی"درۆ" جیادەکاتەوە . بۆ پـەردەلادان لەسـەر ئـەم یاسـایانە، بـۆ ڕشتەی زانستی تر، ویستمان ئەوەیە کە ئەوە بە((شوێنەوار ناسی)) ناوبرێت.

بـــــەڵام ســـــەبارەت بـــــەگۆڕینی بـــــیری (فۆکـــــۆ) بەرامبـــــەر بـەگرنگی"شوێنەوارناسـی"واتـە سـەرقاڵی ((جۆرێـك بونیادگەریانـە)) بـۆ

شـــیکردنەوەی یاســـای هـــاووتنی بـــە تـــەواوی کـــەم بویـــەوەو چـــەمکی نیـــچەیی"ڕەچـــەڵەك ناســـی" جـــەخت کردنـــەوەی زۆری پێـــشینەیی لەشـــوێن ڕاوەستاوە، زۆر سیاسی ترە لەچـەمکی "شـوێنەوار ناسـی". شوێنەوارناسـی زانست نییە، بەڵکو((هەستانی زانست گەلێکە کە پێش هـەر شـتێك نەتـەنها لەگەڵ ناوەڕۆكو ڕەوشو چەمکە زانستییەکاندا، بەڵکو لەگەڵ کاریگەری هێزی ناوەندیدا جیاوازنو پەیوەندیان هەیە بەڕەوشـتو کـارکردی هـاووتنی زانـستی دەستەییەوە لەکۆمەڵدا، هەروەکو لەکۆمەڵی ئێمەدا لەپەیوەندیدان.

ئەو بەو ئەنجامە گەیشت کە هەڵەیە، شوێنی ئاشکرابوونی کـاری هـاووتنی بە پێی((کاریگەری هێزی تایبەتی یـاری دەربڕینـەکان))بێـت، بـەڵکو ئـەوان شتێکی کەمێ زیاتر لە(دەستوری کار)یان هەیە ، واتە (بەو سەرنجە دەگات کە ئەو ئەم زاراوانە لەواتای کۆنیاندا بەکاردەهێنێت). دوپات کردنەوەی ئەو زیاتر لەسەر چەمکی زانیندا بووە کە ئەوە نەوەکو دەستهاتی جۆرە"چییەتی"یـەکی مرۆڤی بێ، کاتێ کە کەم کەم لەتاکەکانـدا دەردەکـەوێت، بـەڵکو بـە شـتێك دەزانێـت کـە لەڕەوشـتە کۆمەڵایەتییەکانـدا بەرهـەم دێـتو لـەبارودۆخێکی مێژوویی تایبەتـدا بـوونی دەبێـتو پەیوەنـدیو هێـزو"زنجـیرەی ڕێکخـستنی کاروبارەکان" دیاری دەکات.

لێرەوە، ڕەچەڵەك ناسی دەتوانێت نەتەنها یاسای نائاگاییانە کە ئەنـدامانی کۆمـەڵگایەك هەیانە لەسەر هەندێ گوزارە کە بەڕاسـتی بـزانن، وەری بگـرنو هەندێ گوزارەشی کە بەدرۆ دەژمێردرێت ڕەتـی بکەنـەوە، بـەڵکو بـارودۆخی مێژوویيو کۆمەڵایەتی چالاك کە تایبەتمەندی ئەو یاسایانە دەهێنێتـە ئـاراوە لەپیشت پەردەوە دەهێنینە دەرەوە.

كۆمەڵێكی دیاریكراو لەیاسای نائاگاییانە كە فۆكۆ پێش هەموو ئەوانی تر وەری دەگرتن، ئەو كۆمەڵە یاسایە بوو كە كاری هاووتنی كۆمەڵەی مۆدێرن یان كۆمەڵەی پێش جولانەوەی ڕۆشنگەری كە كۆمەڵەی(زانست)، كۆمەڵەی(ئەقڵ)و كۆمەڵەی(مرۆڤگەرایی)، دروستیان دەكرد. چونكە ڕوی دیاری ئەم كاری هاووتنییە ئەوەیە كە یاسا پەیڕەوانی لەو باوەڕەدان كە دیدگایان دەربارەی واقیعییەت بە جۆرێكی عەینی ڕاستەو پێشڕەوی مرۆڤایەتی دەخەنەڕوو.

ئەگەر ئەو بتوانێت بە ڕەچاوكردنی شوێنی سەرپێكەوتنی مێژوویی ئەم كارە پیشان بدات كە بانگەشەی ئەو لەبارەی عەینییەت یان ئەقلانییەت شتێك نییە كە زیاتر بێت لەبانگەشەی تەواوی كارەكانی تر لەم وێنەیەدا، بەدگومانی خۆی بە تەواوی دیدگاكانی داواكاری عەینییەتی حەقانییەت بەخشیوەو مرۆڤەكان ئازدانە دروست بوون تا بە هێمنیو لەسەرخۆ جۆری واقیعی وسروشتی خۆیان بسازێنێن.

هۆكاری لێكۆڵینەوە مێژووییە جۆراوجۆرەكانی (فۆكۆ) لەشێتیو شارستانی بەدواوە هەر ئەمەیە كە ئەو دەیەویست پیشانی بدات كە لەدنیای مۆدێرنەدا لەسەردەمی(كلاسیك) سەدەكانی حەڤدەوهەژدەهەم بە دواوە شێوەی جیاوازی ڕەفتاری مرۆڤ كە تاپێش ئەوە هەمان جێگەیان هەبووە لەوێنەی پێویست لەگەڵ پێویستی سادەدا هێزی دەوڵەتی شارەزایان دەبوو لەلای"پسپۆران" كە بەناوی "زانست"ەوە كاریان دەكرد شارەزابوون. بۆ نموونە شێتی بەناوی"نەخۆشی دەرونی" دەناساندو بەم شێوەیە وابەستەی كاری پزیشكانی دەكرد.

زۆرێـك لەشـێوەی تاوانكـاری بـەناوی شـێوەی" كەسـایەتی نـەخۆش"ەوە دەردەكەوت كە بەهەمان شـێوە دەبـوو بڕێتـە بـەردەم شـارەزایی پـسپۆڕێك، تاوەكو دوبارە ئامادەی بكاتەوە . خودی لاشەی نەخۆش جێگای كاری پسپۆران بووە، تەنانەت ڕەگەزی ئێمەش گیرۆدەبووە بەدەسـتی زانـستەوەو لەبەرئـەوەی دەربارەی ئەوە قسە دەكەین و تیۆركاری ئـەوەین. كورتـەی ئـەوە كـە لـەدوای جولآنەوەی ڕۆشنگەریدا ئەم بـیرە كەوتـە سـەرپێ كـە مرۆڤـەكان لـەڕەفتاری دەرەوەی خۆیـدا نابێـت تـەواو پـەیڕەوی لەیاسـابكەن، بـەڵكو دەبێـت تاكی"شێواز"و تەندروست و یەكسان بن. لادان لەم شێوازە نە لەگەڵیدا خراپ ، بەڵكو لەگەڵ زانستدا تەبا دەبێت و وابەستە دەبێت ، چـونكە دەبێتـە هـۆی چێژو زانین پێكدەهێنن و هاووتنی بەدی دێنێ)).

كارێك كە (فۆكۆ) لێرەدا دەیكات، بەواتای گرنگ، هەڵگەڕانەوەی چەمكی ڕەخنەیی خودی جولآنەوەی ڕۆشنگەرییە بەڕوی پەیام گەلی"مرۆڤ گەرایانە"دا، كە لەهەمان جولآنەوەی ڕۆشنگەری نابەڵەدبووندا بووە. ئەم بـیرە كـە هەنـدێ كاری نامرۆڤی، خۆشـبەختی تەندروسـتی و مەعقولییـەت بـونی هـەبووە كـە تائێستا بەڕاستی مرۆڤی بوون و لەكاروباری پێویستی ژیانیدا تـەواو مـرۆڤین. (فۆكۆ) ئەمە لەدواین نامەی خۆیدا بەناوی"جولآنەوەی ڕۆشنگەری چـییە؟"دا دەهێنێ كە دوای مردنی بلاوبویەوە. ئەم نامەیە شرۆڤەی نامە بەناوبانگەكەی كانتە كە بەهـەمان ناوەوەیـەو لەسـاڵی ١٧٨٤دا بلاوبوتـەوەو كانـت لەوێـدا گەیشتنی جولآنەوەی ڕۆشـنگەری مرۆڤایـەتی بـە تەمـەنی پێگەیـشتوو نـاو دەبات و دروشمی ئەوەی هەیە **Sapere aude** " ((مەترسەو خۆت بینەربە)).

لەسەرنجی فۆکۆدا ئەم دروشمە خودی جولانـەوەی رۆشـنگەری بـە((رەخنـەو داهێنانی پەیوەستەی خۆمان بە جۆرێکی خود سالاری))دەگۆرێتەوە. بەلام ئەم جولانەوەیە لەجولانەوەی رۆشـتنگەریدا تەنهایـە لەگـەڵ مـرۆڤ گەرایـدا، کـە باوەربوونە بە چەمکی جێگیرو رەخنەگرتن لەسروشتی مرۆڤ.

ئامـانجی (فۆکـۆ) ئەوەیـە کـە بـەردەوامی بـدات بـە رەوشـی "رەچـەڵەك ناسی"یانـەی خـستنە روی جولانـەوەی رۆشـنگەری لەسـەربنەمای"رەخنـەو داهێنانی پەیوەستەی خۆمان" بە پێـچەوانەی مـرۆڤ گەراییـەوە کـە دەیـەوێ ناونیشانی مرۆڤ لەو سەرفرازییەوە دیاری بکات. ئەم رەخنە رەچەڵەك ناسانەیە ((لەوەی کە ئێمە هیچ هەستێکمان بەم ئەنجامـە ناگـات کـە ئـەنجامان داوە و زانین شـتێکی نامومکینـە بـۆ ئێمـە)) بەپێـچەوانەوە، ئێمـە بـۆ سـەرفرازی لەدەسەڵاتە نوێیەکان ئازاد دەکات.

((رەخنەی رەچەڵناسانە)) بە مانای ئەو توانستەی کە ئیدی ئەوەی کە هەین نەبین، ئەوەی کە دەیکەین نەیکەین ، ئەوەی بیری لـێ دەکەینەوە ، بیری لـێ نەیکەینەوە، لەتوانستی راستی بوونمان جیامان دەکاتەوە.

نایەوێت سەرنجام میتافیزیك ، بە زانـست بگۆرێتـەوە ودەسـەڵات دروسـت بکات، بەڵکو دەیەوێت بزوتنەوەیەکی نـوێ، بزوتنەوەیـەك هەرچـی بـەهێزترو فراوانتر بەباری ناساندی ئازادی نیشان بدات.

دوا ئامانجی(فۆکۆ) ئەوەیە کە نیشانمان بدات، حەقیقەتی عەینی بوونی نییە . ئێمە لەم بیرەوە دەری دەخەین کە مرۆڤ گەرایی حەقیقـەتی عـەینی هەیـە . بەم شێوەیە هەوڵی رێگا نوێیەکان (لەبون، کارکردن، بیرکردنەوە) وەردەگـرن .

ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ئەو لەمۆدێرنە، نەوەکو تیۆرێکی گشتی تر دەربارەی سروشتی مرۆڤ، بەڵکو بەدەست هەڵگرتن لەتەواوی وەها تیۆرگەلێك بووە کە بەوتەی لاکان ((ژیان هەروەکو مەیلێك کەلای تۆیە))ئەنجام دەدا.

سەرچاوە

فلسفه فرانسه درفرن بیستم. اریك ماتیوز، ترجمەی محسن حکیمی. ١٣٧٨ چاپ شمشاد، چاپ اول.

دەربارەی (فۆکۆ) و
دێرینە ناسی/ بنەچەناسی

نووسینی/ محەمەد سەعید حەنایی کاشانی

هەردوو فەیلەسوفی ئەڵمانی(هایدگەر، نیچە) زۆرترین کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوەی فەیلەسوفی فەرەنسی(میشێل فۆکۆ)هەبووە . (فۆکۆ) لەدوایەمین گفتوگۆی خۆیدا دەڵێت: ((**بۆمن هەمیشە(هایدگەر) فەیلەسوفێکی سەرەکی بووە .... بۆ تەواوی ئاڵۆگۆڕو داکشانی بیرکردنەوەی فەلسەفیم، خوێندنەوەم لە(هایدگەر)ەوە دیاریکردووە**))و هەڵبەتە کاریگەری زۆری (نیچە)شی لەسەر بووە. (فۆکۆ) لەهەمان گفتوگۆدا پێمان دەڵێت: ((**من تەواو(نیچە)ییمو دەربارەی وردە دەقی(شماری نکات) تێ دەکۆشم تا ئەو جێگەیەی کە شیاوە بە یارمەتی ناوەڕۆکی(نیچە)ببینم .... لێرەدا ئەو جێگەیە دەتوانێ چی بکات.**)) بەڵام لەڕێگای(هایدگەر)ەوە بوو کە(فۆکۆ) بە(نیچە) گەیشت ((لەوانەیە ئەگەر نووسینی(هایدگەر)م نەخوێندبایەتەوە، نووسینی(نیچە)م نەخوێندایەتەوە. بەڵام بە تەنها(نیچە) منی ڕانەکێشا، لەکاتێکدا کە(نیچە، هایدگەر)هاوڕێگای بزوێنەری لایەنی فەلسەفی بوون!)) [1]

وتاری(فۆکۆ) دەربارەی"نیچە، بنەچەناسی، مێژوو" تەنها لەولایەنەوە جێگەی تێڕوانین نییە کە چ شتێکمان دەربارەی (نیچە) پێ دەڵێت، بەڵکو

---

[1] ئەم سێ قسەیەی(فۆکۆ) لەوتەی(هیوبرت دریفوس) وەهێناومە، بگەڕێرەوە بۆ :

Hubert L. Dreyfus. Onthe ordering of thin gs: Being and power in Heidegger and Foucault. In Michel foucult: philosopher. French andGerman translation by timothy J. Armstvong. Harvester whaetsheeaf. 1992.pp.80-94

بۆ گفتوگۆکە بگەڕێرەوە بۆ:

Michel foucauit. "finterview".Raritan. sammer 985.pp.8f

گفتوگۆکە(ژیل باربەت)ئەنجامی داوەو لە Las Nouvelles ٢٨ژوئن ١٩٨٤ دا بڵاوبووەتەوە..

لەولایەنەشەوە جێگەی تێڕوانینە کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش چ شتێکمان دەربارەی (فۆکۆ) خۆی پێ دەڵێت: دەربارەی شێوازی دێرینە ناسیو بنەچەناسی.

دێرینەناسی، وشەیەکە کە لەسێ ناونیشانی کتێبەکانی (فۆکۆ)دا بەرچاو دەکەوێت. لەدوو کتێبدا ناونیشانی لاوەکییەو لەکتێبێکیشدا ناونیشانی سەرەکییە، کە ئەمانەن: لەدایك بوونی دەرمانخانە: دێرینەناسی زانستی پزیشکی(١٩٦٣)، وشەکانو شتەکان. دێرینە ناسی زانستی مرۆڤایەتی(١٩٦٦)و دێرینە ناسی زانست(١٩٦٩). ((دێرینەناسی))ناوێکە کە (فۆکۆ) بەشێوازی فەلسەفی خۆی دەیهێنێت، دوای ئەوەی کە لەڕوکردنە هیرمۆنتیکی(تأویل) دەستی کێشایەوە.

بەڵام((دێرینەناسی)) فەلسەفی چییە؟ دێرینەناسی (**archaeologg**) لەواتای سەر زارایدا شێوازی خوێندنەوەی مێژووە کە لەئەنجامی هەڵکۆڵینی کەرەستە کۆنەکان لەژێر خاك دەهێنرێنە دەرەوە وەك: شارەکان، قەڵاکان، شوێنەواری هونەری، گۆڕستانەکان، دەفری گڵێنەو شتی تری لەم بابەتانە.... ((دێرینەناسی))ی فەلسەفی (فۆکۆ) بەهەمان شێوە هەوڵی هێنانە دەرەوەی کەرەستەی لەجۆری ترە لەژێر خاك، شێوازە زانستییە کۆنەکان، تێفکرینە کۆنەکان دەربارەی زانست، دروستکراوەکانی مرۆڤ دەخاتە بەرچاو. لێرەوە"دێرینەناسی" بە پرسیارگەلی ڕاستەوخۆ سروشتی مرۆڤ هەنگاوی زیاتر دەنێتو لەجێگای بە خوێندنەوەی سیستم گەلی زانیین لەڕابردوودا دەچێتەوە، واتە خودی زانستە مرۆڤایە تییەکانو فەلسەفەو بنکەی فراوانو گۆڕانیان دەگەڕێنێتەوە.

بەڵام شێوازی دێرینەناسی بە گرانی دیارە ، ئەو گرانییەش ئەوەیە کە(فۆکۆ) لەم شێوازەدا خوێندنەوەی تـەنها بـەو شـتە ئاراسـتە دەکـات کـە شـێوەکانی گوتاری (discutsive practices) نـاو دەنێـت . واتـە ئەوشـتانەی کـە مـرۆڤ دەیانڵێت یان دەیان نوسێت.

(هەر کەسێ بە زمانی خۆی قسە دەکات . واتە هەرکەسێ بە وشەو زاراوەی خۆی نیازو مەبەستی خۆی دەخاتە ڕوو کە لەگەڵ زانینـی کۆمـەڵێکی تـردا تەبایـە: پزیـشکەکان زمـانی خۆیـان هەیـە، ئەنـدازیارانو مامۆسـتایانو فەیلەسوفەکانو هونەرمەندانو سیاسەت مەدارانو نڤامییەکانو بەرەڵاکانیش زمانی خۆیان هەیە، لەکاتێکدا کە شێوەی نا گوتاریش بوونیان هەیەو دەبێ ئەوانەش بژمێردرێن.)

یاساگەلێك کە دێرینەناسی فەلسەفی داواکاری دۆزینەوەیانە بنەمای بڕوایان نییە، چونکە((دێرینەناسـی))دەربـارەی مانـاو حەقیقـەتی گوزارەگـەلێك کـە دەیانخوێنێتەوە پرسیار ناکات.

(فۆکـۆ) لەنوسـینێکدا کـە لەدەیـەی حـەفتاکان بـە دوواوە بڵاوکرایـەوە (کۆنترۆڵو سزا) (١٩٧٥) ومێژووی جنس(١٩٨٤ــ ١٩٧٦) تێ دەکۆشێت دوو هەڵەی سەرەکی دێرینەناسی ڕاسـت بکاتـەوە ، یەکـەم: بنکـەی لێکۆڵینـەوە فراوان دەکات تاوەکو شێوە نا گوتارییەکانیش بگرێتەوە. دووەم: تـێ دەکۆشـا لەبارگرانی ڕەگەزەکانی دەردەسەری دێرینە ناسی ئاسودە بێت، وەك داواکـاری دۆزینەوەی یاسا بۆ شێوەگیری گوتار. مەبەستی ئەو لەئەنجام دانی ئەم کـارەدا نووسینی ئەو شتەیە کە ئەو بە بنەچەناسـی بکـەر(subject) ی دەورەی نـوێ

ناوی دەنێت، ئەو چەمکی دێرینەناسی لە(نیچە)وەهێناوەو ئەمە دەنگدانــەوەی تره لەسەر لێکۆڵینەوە لەحەقیقەتی کۆتاییو چییەتی جێگیرو یاسای ژێراوەیی لەشیکردنەوەی مێژوودا. ((بنەچەناسی)) فەلسەفی سەدەی بیستەم، دەیــەوێت داستانێکمان پێ بڵێت دەربارەی ئەوەی کە ئێمە چۆن بە تێگەیــشتنی خۆمــان بگەینو لێرەدا هەڵــسوکەوتی هێــزو زانــست چ شــێوەیەکی گرتــووە لــەگیانو دەرونــی تــاك لــەدەورەی نوێــدا، لێکۆڵینــەوەی (فۆکــۆ) دەربــارەی چــەمکی (بنەچەناسی)و پەیوەندی بە مێــژووەوە کــە لــەبیری(نیــچە)دا نموونــەی باشــە، لەوەوەیە کە چۆن فەیلەســوفێك نووســراوی فەیلەســوفێکی تــر دەخوێنێتــەوەو چۆنیش کاریگەری لەسەر دروست دەکات.

سەرچاوە

ئەم وتارە لەکتێبی{"زردشت نیچە کیستو مقالات دیگر" گزیدەو ترجمە محمد سعید حنایی چاپ اول ١٣٧٨ انشارات هرهس} وەرگیراوە ص ٣٥ ـ٣٨

دەربارەی

((زەردەشتی نیـچـە کێیـە ؟))

محمد سعید حنایی کاشانی

((زەردشتی نیچە کێیە؟)) [*] ڕەنگە پرسیارێك بێت کـە هـەر خوێنـەرێکی نیچە چەند جارێك لەخۆیی کردبێتو وەڵامی سادەشی یابێتەوە کە: زەردەشـت پەیامبەری ئێرانی(ئاری)ە کە نیچە لەسۆنگەی هەنـدێ هۆکـاری ڕەگەزییـەوە هەڵی بژاردووە تا قسەبێژی بیرکردنەوەکانی خۆیی پێ بدرکێنێت. ئـەم وەڵامـە ئەوەندە سادەیە کـە خوێنـەری وردبـین دەتوانێـت بـە ئاسـانی وەلاوەی بنـێ. ((زەردەشت کێیە ؟)) نیچە تەواو دەزانێت کە هەرکەسێك ئەم ناوە ببیستێ چ کەسێك دێت بە بیریدا(زەردەشت لەدەربارەی هەزارو یەك ئامـانج دا، لـەناوی خۆییو قەومەکەی دەدوێت: ((ڕاست وتنو ئەنگێوەیی لەکەمانگەریـدا)) ئـەو دوانە لەچاوی ئەو گەلەوە کە ناوی لەوانەوە، بەڕێزو دژوار بوو: ناوێك کە بۆمن هەم بەڕێزەو هەم دژوار). لەگەڵ ئەمەدا، هەموو خوێنەران لەشوێنی جیاجیای نوسینی نیچەدا دەتوانن ئـەم پرسـیارە ببیـنن کـە زەردەشـت، هـەروەکو بـۆ خوێنەران نادیارە، بۆ خـودی خۆیـشی نادیـارە ، ئـەو لـەدەربارەی نـەجات دا دەڵێت:-

تەنانەت ئێوەش لەوانەیە لەخۆتان پرسیبێت((زەردەشت بۆ ئێمـە کێیـە ؟ دەبێت چ ناوێکی لـێ بنێیـت؟))و ئێـوەش هـەروەکو مـن، لەگـەڵ (وەهـا) پرسیارگەلێکدا وەڵامی خۆتان داوەتەوە؟ ئایا مژدە دەرێکـە؟ یـان بـە ئـەنجام

---

[*] ئەم نووسینەی(محمد سعید حنایی کاشانی، لەسەر وتارێکی(هایدگـەر)ە بـە نـاوی((زەردەشـتی نیـچە کێیە؟)) کە هەم وەك قسەکردن وایە لەسەر وتارەکەی هایدگەرو هەم وەك ناسـاندنێکی تـری زەردەشـتی نیچەش وایە.

گەیەنەرێك؟ سەرکەوتوویەك؟ یان میراتخۆرێـك؟ خـەرمانێك؟ یـان کێڵـەرێك؟ پزیشکێك؟ یـان چـاك بـۆوە یـەك؟ ئایـا شـاعیرێکە؟ یـان ڕاسـتی خوازێـك؟ ڕزگارکراوێك؟ یان لەبەندکراوێك؟ پیاو چاکێك؟ یان پیاو خراپێك؟

بەڵام ئەو پێش ئەم پرسیارانە، لەچەند دێڕێك سەروتردا وەڵامـی داوەتـەوە: ((**بینەرێك؟ خوازیارێك هەم خودی داهاتوویەكو هـەم پردێـك بـۆ ئاینـدە ـ هەروەها، مەخابن، هەروەك زویرێك لەسەر ئەم پـردە ماوەتـەوە: زەردەشـت تەواوی ئەمانەیە**))

لەشـوێنێکی تـردا((خامۆشـترین کـات)) خامۆشـترین کـاتی زەردەشـت، لەگەڵێدا قسە دەکات: ئەودەم جارێکی تر بێدەنگەکە بە منی وت((**تۆ کێیـت! زەردەشت! وتەکەت بڵـێ‌و تێکی بشکێنە!)) من وەڵامم دایەوە ((ئـاخ ئایـا ئەمە وتەی منە؟ من کێم؟ من چاوەڕێی لەخۆشیاوترم. من تەنانەت ئەوەندە شیاونیم کە بۆ خاتری تێك بشکێنم)) لەشوێنێکی تردا(بەخێرهێنان) مرۆڤـە باڵاکان بە زەردەشت دەڵێن: ((بە ڕاستی، ئەمرۆ گەلێك چاویان لەکێوو داری تۆ بڕیوە ، تاسەیەکی گەورە سەری هەڵداوە و گـەلێك فێربـوون کـە بپرسـن زەردەشت کێیە ؟))**

دواتر دەتوانین بەڕاستی بپرسین کە((زەردەشتی نیچە کێیە؟)) بـەڵام دەبێـت لەکوێوە دەست پێ بکەین؟ هایدگەر پێمان دەڵێت کە لەناونیشانی کتێبەکـەوە دەست پێ بکەین: وەهای گوت زەردەشت . زەردەشت وتەبێژە؟ لـەچ جۆرێـك؟ زەردەشـــت وتەبێـــژێکی بانگـــدەرە (**ein pursprecher**)ئـــەو بـــە چ شـــتێك بانگدەدات؟ بە ژیان، بە ڕەنج، بە سەردەم. بەڵام ئەو چۆن بـانگی ئـەم شـتانە دەکات؟ وەك"چاك بۆوە" لەچ شتێك؟ لەبێزاریی گەورە، لەبێزێك کە دووچـاری

بووە: ((**ئەمە بوو بێزاری گەورەم لەمرۆڤ ! هەروەها گەڕانەوەی هەتاهەتایی هەرە بچوکەکەیان ـ هۆی بێزاریم لەتەواوی بوون بوو ! هاوار، بێز! بێز ! بێز!**)).

بەڵام زەردەشت گیانداریکە، مارو هەڵۆ باشی دەناسن:

ئەی چاك بۆوە، چیتر قسە مەکە، واباشترە کە بۆخۆت جەنگێك سازبکەی، جەنگێکی نوێ! چونکە بزانە، ئەی زەردەشت کە گۆرانییە نوێیەکانی تۆ، جەنگانێکی نوێیان پێویستە.

زەردەشت، بلێو بهاژێنەو دەرونی ڕەوانی خۆت بە گۆرانییە نوێیەکان چاك بکەرەوە تا بتوانی تاقەتی چارەنووسی گەورەی خۆت هەبێ ، چارەنووسێك کە تائێستا چارەنووسی کەس نەبووە ! چونکە گیاندارەکانت باش دەزانن ، ئەی زەردەشت کە تۆ کێیتو دەبێ ببی بەکێ : بڕوانە کە تۆ مامۆستای گەڕانەوەی هەتاهەتایت، ئێستا ئەمەیە چارەنووسی تۆ!

بەڵام بە جۆرێك کە زەردەشت لەسەرەتای هەمان پارچەدا((چاك بۆوە))دەڵێت:

ئەوەی کە لەگەرووم خزیبوو و بەری هەناسەی گرتبووم ، بێزاری گەورە بوو لەمرۆڤ و ئەوەی پێشبینی کردبوو: ((هەموو شت وەك یەکە، هیچ شتێك بایەخی نییە، زانایی پشوبڕە.))

((ئەو هەتا هەتایی دەگەڕێتەوە، مرۆڤێك کە تۆ لێی بێزاریت، مرۆڤی بچوك.)) .... ((**مەخابن ڕۆژێك هەردووکیانم بە ڕووتی بینیوە ، گەورەترینو بچوکترین مرۆڤ: ئەوان زۆر لەیەکتر دەچن! ـ هەرە گەورەکەیان هێشتا زۆر**

شێوەی مرۆڤە!)) هەرە گەورەکەیانم زۆر بـچوك بینیـوە ! ئەمـە بـوو بێـزاری گەورەم لەمرۆڤ ! هەروەها گەڕانەوەی هەتاهـەتایی هـەرە بـچوکترینیان هـۆی بێزاریم لەهەموو بوون بوو!

دواتر زەردەشت ناتوانێت بەهەمان فێرکـردن، کـە((قـوڵترین ئەندێـشە))ی ناودەنێ، دەست پێ بکات. لەپێشەکی کتێبەکەدا، کاتێ کە زەردەشت بـەرزی خۆی دەست پێدەکات، لەپارچەی سێهەمدا زەردەشت ئاوەها بەخەڵکی دەڵێت: من بەرزە مرۆڤتان پێ دەناسێنم.

لێرەدا دەبینین کە زەردەشت دووفێرکردنی هەیە: بەرزە مـرۆڤ و گەڕانـەوەی هەتاهــەتایی. هــەروەها دووگیانلەبــەری هەیــە، مــارو هــەڵۆ، زەردەشــت دووفێرکردنی هەیە کە هەریەکەیان ئەوی تر ڕۆشن دەکاتەوە و سەرەنجام هەمان فێرکردن گەڵێکە کە کێیەتی خودی ئەویش دیاری دەکـات . گەشـتی دەوریو تێکئاڵاوی تۆ لەتۆ، بـەرزبوونو نـزم بوونـەوە ـ هـاتنو گەڕانـەوە ، بونیـادی بنەڕەتی وەهای گوت زەردەشـتە. زەردەشـت کێیـە؟ زەردەشـت کەسـێکە کـە دووفێرکردنی بەرزە مرۆڤ و گەڕانەوەی هەتاهەتایی پەسەند دەکات تا بتوانێت هەم بێ مانایی ژیانی مرۆڤایەتی تەحەموول بکات و هەم زاڵیش بێت بەسـەر ئەم بێ ماناییەدا. لەدەربارەی نەجات دا دەڵێت:

((ئاخ، هاوڕێی من، ئێستاو ڕابردووی زەوی بۆمن بێ تاقەت ترین شـتە، ئەگەر من بینەری ئەوە نەبومایە کە دەبێ ببێ، نەمدەزانی چۆن دەبێ ژیابم. بینەرێك، خوازیارێك، ئافرێنەرێك خودی هەم داهاتوویەكو هەم پردێـك بـۆ داهاتوو ـ هەروەها مەخابن هەروەکو زویرێك ماوەتـەوە لەسـەر ئـەم پـردە: زەردەشت تەواوی ئەمانەیە)).

بەرامبــەر ئــەم دووفێركردنــە، بــەرزە مــرۆڤ و گەڕانــەوەی هەتاهــەتایی، دڵدانــەوەی گرنگــی هەیــە بــۆ كەســێك كــە ((ئــارەزووی گــەورە)) (grssen sehnsucht) ی بــە ژیــانو ((گــەورەترین ئومێــد)) (grosse Hoffnyng)ی لەژیاندا هەبێت ، ئەم كەسە زەردەشــتە . هایدگــەر پێمــان دەڵێــت كــە نــاوی زەردەشـــت (Zarthustra) لەڕاســـتیدا لەگـــەڵ وشـــەی Trost(دڵدانـــەوە)و rouen(بڕوا كردنو پەیمان كـردن)وzutrauen (توانـای گومـان لـەخۆكردن)دا پەیوەندی هەیەو لەجێگەی هەمان وشــەی Trost لــەزمانی ئەڵمانیــدا وشــەی Hoffnung هەیـــە . لـــەتێكڕایی نووســـینی نیـــچەداو بـــە تایبـــەتی لـــەم كتێبەدا((وەهای گوت زەردەشت)) گەمــەی هونەرمەندانــە كــەم نییــە لەگــەڵ وشەكاندا. مرۆڤ لەلای نیچە دروستكراوێكە كــە دەتوانێــت لەگــەڵ وشــەكانی جیهاندا بژی ((**چەند خۆشە كە وشەكانو دەنگەكان هەن، مەگەر ووشــەكانو دەنگەكان پەلكەزێڕینەو پردە ڕواڵەتییەكانی نێوان شــتە هەتاهەتاییــە لێــك جیاكان نین؟... مەگەر ناوەكان و دەنگەكانیان لەبەر ئەوە دیاری نــەداوە بــە شتەكان كە مرۆڤ خۆی بە شتەكان بحەسێنێتەوە ؟ شێتییەكی جوانــە، وتــار: مرۆڤ بەو لەسەر گشت شت سەما دەكات(چاك بــۆوە)**. ئێمــە لەكتێبەكــەدا شایەتمان بۆ ئەم دووانە هەیە: لەیەكــەمین وتــاری بەشــی ســێهەمدا "ئــاوارە" زەردەشت بەخۆی دەڵێت:

ئاخ ئەی شێتی میهربان، زەردەشت! ئەی شەیدای بڕوا!

(uber- seliger- Uertrauens) تۆ هەمیشە هەروابووی: تۆ هەمیــشە بــە بڕواوە لەهەر شتێكی خۆفناك نزیك بویتەتەوە.

لەبەشی چوارەمدا((بەخێرهێنان)) دەخوێنینەوە:

ئەوانەی کە نایانەوێ بژین، مەگەر ئەوە کـە جـارێکی تـر هیـوای هـەبوون فێربن ، یان ئەوە کە هیوای گەورە (**grosse Hoffnung**) لەتۆوە فێـربن، ئـەی زەردەشت.

تائێرە ڕەنگە کەم تا زۆر ڕۆشن بوبێت کە زەردەشـت کێیـە یـان زەردەشـت دەیەوێت چ کەسێك بێت ، بەڵام دوو فێرکردنی تری بەرزە مـرۆڤ و گەڕانـەوەی هەتاهەتایی، چۆن دەتوانین ڕۆشن بکەینەوە، دووفێرکردنێك کە هەروەکو هەڵۆو مار (غرورو زیرەکی بـەرزە مـرۆڤو سـەردەم) بەیەکترییـەوە تێکـەڵ دەکـات. لەڕاستیدا ئەمەیە کە خودی نیچە تەسلیم دەکات کە((قـوڵترین ئەندێـشە))ش هەمیشە نادیار بمێنێتەوە ورەنگە بتـوانین بڵـێین، بـەرزە مـرۆڤ کەسـێکە کـە بتوانێت ئەم نادیارییە شی بکاتەوە، واتە نادیاری سەردەمەکەو هەڵبەتە سەرە دەزوو هەیـە بـۆ شـیکردنەوەی ئـەم ناوەڕۆکـە. هایدگـەر ئـەم سـەرە دەزووە لەپارچەیەك بە ناوی((دەربارەی هەڵەپەزەکان)) (خوازەیە بۆ تۆڵە) دەهێنێـت و لەوێدا زەردەشت دەڵێت:

((چونکە، ڕسکانی مرۆڤ لەتۆڵە، پردێکە بۆ بەرزترین هیواکانی منو پەلکە زێڕینەیەکە لەپاش تۆفانە درێژ خایەنەکان)) بەرزە مرۆڤ کەسێکە کە بەرامبەر بە سەردەم خۆڕاگری ناکات، ئەوە دەزانێ کە ئەوەی بووە بووە و ئەو ناتوانێـت سەردەم وەربگێڕێتو لەبەرامبەریـدا بووەسـتێت، بەرامبـەر بەمـە پەسـەندی دەکات کە تێپەڕینو لەناوچون یاسای هەموو شتێکەو تەنها مانەوەیەك کە لەم جیهانەدا دەبینرێت، هەروەکو سروشت هاتوچونو لەدایکبونو مردنـەکانی بـێ ژمارەیە. لەبەر ئەوە ، ئەو بـە هـەموو ئەمانـە دەڵێـت(ئـاری). دوای ئەمـە تەئویلی بەرزە مرۆڤ کەسێك نییە کە لەسەردەمانێکدا لەئایندەدا بێت((گەرچی

نیچە وەها ئاماژەیەکیش دێت بەبیریدا)) بەرزە مرۆڤ کەسێکە کە خۆی لەتۆڵە ئازاد بووە و فێرکردنی گەڕانەوەی هەتاهەتایی لەسەرنجی نیچەدا، کۆمەك بە مرۆڤ دەکات کە لە تۆڵە نەجاتی بدات.

لەکۆتایدا، چەند خاڵێکی تر هەیە کە بۆ ناسینی زەردەشت دەبێت لەبەرچا بگیرێت. بەڵام هایدگەر نایانلێت. لەڕستەی ئەشکەوتو زەردەشت، بەرزبوونو نزم بوونەوەکان، نیوەڕۆی گەورە، شێروهەتاو، هایدگەر وتارەکەی خۆی بە جەنگی مارو هەڵۆ لەئاسماندا کۆتایی پێدەهێنێت کە لەپارچەی (١٠)ی پێشەکی کتێبەکەداهاتووە، لەکاتێکداکە کۆتایی کتێبەکە بەجۆرێکی تر کۆتایی دێت، شێر(دلێری)یش بە گیانلەبەرەکانی تری زەردەشتەوە پەیوەندی دەکاتو زەردەشت جارێکی تر لەئەشکەوتەکە پێ دەهێنێتەوە دەرەوە:

باشە، شێر هاتووە منداڵەکانم نزیکن، زەردەشت گەیشتووە، کاتی من گەیشتووە: ئەمە بەرەبەیانی منە، رۆژی من دادێ، ئێستا وەرەسەر، وەرەسەر ئەی نیوڕۆی گەورە! وەهای گوت زەردەشتو ئەشکەوتەکەی بەجێ هێشت، درەوشاوەو بەهێزی مینا، تەواوی بەرەبەیان لەپشت کێوە تاریکەکان سەردەردێنێ.

<u>**سەرچاوە**</u>

زەردشت نیچەکست؟ ومقالات دیگر، محمد سعید حنایی کاشانی، چاپ اول ١٣٧٨ ص١-٦

شیکردنەوەی بوونگەری

نووسینی: جۆن ماکوری [1]

[1] (جۆن ماکوری: ساڵی ١٩١٩ز لەئۆسكۆتلەندە لەدایك بووە و ئاداب و لاهوتی لەزانكۆی(جلاسجو)خوێندووە و بڕوانامەی دكتۆرای لەساڵی ١٩٦٩دا لە(لاهوت)دا وەرگرتووە. ئەندامی دەستەی ئەنجومەنی كەنیسەی جیهانییە. چەندین كتێبی هەیە لەبواری بوونگەریدا، لەوانە(لاهوتی بوونگەری)و (بوونگەری)كە ئەم كورتەیە لەسەر ژیانی لەكتێبی دووەمیانەوە وەرگیراوە . و: كوردی).

هەر(دازاین)[٢] یك کە هـەبێت، پێویـستە لـەبارەی بـوونی خۆیـەوە بڕیـار بداتو خۆی یەکلایی بکاتەوە. پێش ئەوەی کـە(دازایـن)بـۆ زۆرلا جیابێتـەوە لەبەرامبەر پرسیاری بوونی خۆیدا دەوەستێتەوە. ئەم پرسیارە دیـارو ناچـارییە کە هەرکەسێك دەربارەی چۆنێتی زانینی بوونی خۆی هەیەتی، (هایدگەر)نـاوی دەنێ پرسیاری"بوونی کەسی"(بوونـەوەری/ **existentiel**)و ئـەم پرسـیارە بـە پرسـیاری((بوونگـەری)) **existential** ناسـراوە، چـونکە ئـەم پرسـیارە بـە شێوەیەکی گـشتی لێکۆڵینەوەیـەکی دیـاری تیۆرییـە لـەبارەی بوونیادەکـانی بوونەوە. لەکاتێکدا کە هەرکەسێك بە پرسـیاری بـوونی کەسـی، بـە تایبـەت بڕیاردان دەربارەی بوونی خۆی ڕووبەڕووە، تـەنها فەیلەسـوفانی دیـار بوونیـان هەیە کە پرسیاری دیاری بوونگەری دەکەنو لەبارەی شمـەکی بناغـەیی بـوونی مرۆییەوە لەهەموو لایەکـەوە دەکەونـە ڕاوێـژەوە . بـەم ناسـینە ، پرسـیاری بوونگەریی لەپرسیاری بوونی کەسیدا(موجود) ڕیشەی هەیە. بە واتایەکی تـر، لێکۆڵینەوەی تیۆری لەجێگەی دیاردا بـوونی هەیـە کـە لەجیهانـدا سەرچـاوە دەگرێ .(هایدگەر) تەبایە بـەبێ بڕوایـی هاوبەشـی فەیلەسـوفانی بوونگـەری بەرامبەر بە ئەقڵ گەری هەڵکێشان . پرسیاری هەبوون پێویست نییـە لایـەنی

---

[٢] **دازایـن: (وشـەیەکی ئەڵمانییـە(Dasein) لەنووسـینە ئینگلیزییەکانـدا بـە شـێوەیەکی گـشتی وەرنـەگێردراوەو ڕاسـتەوخۆ دانراوەتـەوە کـە بـەمانای هـەر شـێوەبوونێك دێـت کـە هەیـە، بـەڵام لەفەلسەفەی(هایدگەر)دا تەنها مانای بوونی مرۆیانە دەگەیەنێت، کە ئەم بەشەی لێرەدا کراوە بە کوردی بەشێکە لەکتێبێکی تایبەتی(جۆن ماکوری) بە(هایدگەر)ەوە ئەم ڕونکردنەوەیـەش لەسـەر(دازایـن) لـە ڕونکردنەوەی زاراوەکانی نوسەرە ل ١٥٨. و: کوردی).**

بیرهەڵکێشان تێبینی بکات ، بەڵکو پێویستە ئەو لەبناغــەی هاوبەشــی بــاڵی یەکەمی خۆماندا تێبینی بوون بکات . مرۆڤەکان تەماشاکەرانی هەبوون نـین، بەڵکو بەشداری کــەرانین‌و ئەگــەر فەیلەســوفێك لەهەبوونــدا پێویــستە بــوونی هەبێت، ئەوا ئەم فەلسەفەیە ناتوانێت لەجۆری بینەری وچاندەردا بەکارهێنرێ، چونکە وەها فەلسەفەیەك بە تەنها ئێمە بە بوون دەهێنێت لەبناغەی هاوبەشی تەواودا، هەروەها ئــەنجام دانــی پێــشنیارکردنی بونیادەکــانی بناغــەی بــوونی مرۆیی، پێویستە بە جۆرێك کە ئەم بوونیادانە لەبووندان خۆمان بــە خۆمــانی ئاشنا بکەین . ئەم کارە، واتە پێشنیارو ڕێکخستنی ڕەگەزی بەهێزی"دازاین" کــە هایدگــەر نــاوی دەنێــت(شــیکردنەوەی بوونگــەری) کۆشــشە بــۆ ئاشکراکردنی"بونگەرایی" بوون ، واتە ئاشکراکردنی بناغەی تایبەتی بــەهێزە کە بوونەوەر (مرۆڤ) لەجۆرەکانی تری هەبوون جیادەکاتەوە.

شێوازی شیکردنەوەی بوونگەری دیاردەگەرییەکە، کە ڕەنگە بتــوانین بڵــێین نــاوەڕۆکی دیاردەناســی ناســینی وردو لێکۆڵینەوەیــە. تەفــسیری(هایدگــەر) بۆ(دیاردەناسی)[٣] بە یەکێك لەشــێوازەکانی لــەبارەی پەیوەندییــەوە ئــەنجامی دەدات، واتــە کاتــێ بــاس لەڕەگناســی خــودی ووشــەی" دیاردەناســی"/ **phenomenolgy** "و یەکــەم بەشــی ووشــەکە"دیــاردە"/ **phenomenon**" دەکەین، کە بەواتای شتێکە کە(خۆی نیشان دەدات) یان (دێتە بەرچاو) کەچی ئەو دوای ئەوەی کە بەشوێن"لۆگۆس"/ **logos** "دا دەڕوات کــە لەیۆنانــدا بــە مانای قــسەکردنە، هــەروەها مانــای(دەرکــەوتوو دروســت کــردن)یــش دێــت.

---

[٣] Being and tirne. Pp.49-61

بەهەمان شێوە دیاردەناسی لەبناغەدا ئاشکراکردنو دیاری کردنی ئەو شتەیە کە خۆی دیاردەکات، لابردنی پەردەپۆشینو کەناردانە. بەم جۆرە ڕێگەمان دەدات ئەو شتە ببینین کە چییە دێتە بەرچاو، بە لێکدانەوەی(کوئنتین لوئەر) شێوازی دیاردەگەری... شێوازی بەڵگە هێنان نییە، بەڵکو شێوازی ناساندنەو لەو ئومێدەوە دەڕوات کە خەڵکانی تریش بەهەمان شێوە دەربارەی دەبینن)(٤) ئەگەرچی لێرەدا زۆرتر ئاماژە بە(هۆسرل) دەدات وەك لە(هایدگەر) بەلاّم ئەم قسەیە لەبارەی هەردوو فەیلوسوفەوە ڕاستی هەیە. شیکردنەوەی بوونگەری(هایدگەر) لەڕاستیدا گوزراشتکردنە لەناساندنی دوورودرێژ لەهەندێ تایبەتمەندی بنەمایی بوونی مرۆڤ و هەڵسەنگاندنو ناساندنی . واتە بەراوردکردنی ئەوان بەوەی خۆمان لەڕێگای بەشداری باڵی یەکەم لەگەڵ بوون بە جۆرێکی تەواو دەیناسین.

بەلاّم بەدەستهێنان و هەڵسەنگاندنو ناسینی بونیادەکانی بناغەیی بوون، کارێکی ئەوەندە سادە نییە کە ڕەنگە لەسەرەتادا وا دەربکەوێت، ئەگەر ئەم قسەیە بۆ ئێمە ڕەوابێت کە بڵێین، بوون شتێك نییە کە ئێمە بتوانین تێی پەڕێنینو ئەو ڕێگایە لەدەرەوە وەسف بکەین. ئێمە خۆمان بوونەوەرێکین کە پێویستە وەسف کرێنو دیارەکە خۆناسینیش کارێکی دژوارە. ڕەنگە بوونەوەر تەنانەت ئارەزووی پۆشینی ئەو شتەی هەبێت کە لەڕاستیدا هەیە. لەبەر ئەوەی دەبینین کە(هایدگەر)دەڵێت: پێویستە دیاردەکان لەچنگ بوونێك کە خۆی لەواندا شاردووەتەوە دەربهێنرێتو لێرەدا تەواو تەنها چاودێری بیرمەندەکان

٤ Quentin Lauer. Phenomenology: its Genesis and prospect (Harper and Row. NewYork 1965) .p.84

نییە کە پێویستە لەبارەی ڕوتێکردنەوە بڕیار بدەن، سەرەڕای جیاوازییەکانی تاك کە لەنێوان کەسێكو کەسێکی تردا هەیە چی دەڵێین؟

ئایا ئیمکان هەیەکەشیکردنەوە لەبوون لەلای هەمووان شیاوبێت؟

دوای ئەوەی کە لەشیکردنەوەکانی خودی هایدگەر تێفکرین دەبێت دەربارەی کاری گرنگی شیکردنەوەی بوونگەری هەندێك زیاتر بووەستین، ئایا دەتوانین بەڕاشکاوی زۆرتری ببینین کە وەها لێکۆڵینەوەیەك چۆن دەتوانێت ئەنجام درێو گەیشتن بە چ ئاکامێك لەودا دەتوانرێت ئومێدی هەبێت؟

ڕەنگە ئەم پرسیارانە بەسەرنجدانی زیاتری چەمکی بوون، باشتر بتوانرێت وەڵام بدرێنەوە. هایدگەر ووشەی"بوون"(**existence**)ی بەواتای باوی ووشەکە کەڵك وەرنەگرتووە، بەڵکو ئەوی بە جۆرێك لەهەبوونەوە دیاری کردووە کە پەیوەندی بە(دازاین) بوونەوەری مرۆییەوە هەیە . مرۆڤ دەکارێ/دەوەستێ(**ex-sists**)بەو مانایەی کە ئەو تەنها قەڵەمێك نییە لەقەڵەمەکانی دنیا، بەڵکو بوویەکی کراوەیە بەڕوی خۆیو جیهانداو لەبەرئەوە، تا رادەیەك هەردووکیانی پاراستووەو دەتوانێ تا ئەندازەیەك ئەوان شێوە بکات، شێوەی باڵای بوون بەرامبەر بە بوونەوەر(مرۆڤ)(**sxistent**) لەگەڵ هەبوونی تردا(**beings**)یان هەبوونگەلێك کە لەجیهاندا دەبن بە ئاشکرایی زیاترەوە ببینین. هەڵبەتە ئەم بەدیهاتووانە بەهەمان ئەندازەی(دازاین)واقیعین، بەڵام بەو واتایەی کە(هایدگەر)و فەیلەسوفانی بوونگەری بە شێوەیەکی گشتی ئەم ووشەیە بەکاردەهێنن"بوون"(**exist**) یان نییە.

أـ بوونەوەریی مرۆیی(دازاین) هیچ کاتێك لەهەبووندا تەواو نییە. بوون هەمیشە لەڕێگادایە، لەبەرئەوە ئەگەر شیاو بێت بڵێین: هەرگیز ناتوانین

بوونەوەر(مرۆڤ) لەجێگای بینینــەوەی ناســینی تەواوەتیــدا ببینینــەوە، بەشــە بەهێزەكانی لەبەدەستهێنانەكانیدایە نەك لەتایبەتمەندییەكانیــدا. بــەدیهاتووی تر(ماهیات)یان هەیەو ئەم(ماهیات)ە كەمو زۆر جێگیرنو بەوانەوە بەندن، هەر بۆنموونە، پارچە بەردێك دەتوانین فەهرەستی بــۆ بكــەینو تایبەتییــەكانی وەك ڕەنگ، سەختی، پێكهاتەی كیمیاویو ڕێژەی جۆری تــەواوی تیاڕوونكەینــەوە. بەڵام(دازاین)(ماهیات)ی وەك ئەم جێگیر نییە. ئەگەر ئێمە بتــوانین دەربــارەی ماهیات قسە بكەین لەگەڵ لێكدانەوەو بەدەســتهێنانەكانی یــان ئازادكردنیــدا چــییەتی خــۆی دەخاتــە ڕوو. بــەڵام هەمیــشە لەڕێگادایــەو ڕێبــواری جێگــە بەجێگەیە، ئەمە هەمان شتە كە لــەم وتــراوەدا مەبەســتە((چــییەتی دازایــن لەبوونـــدا شـــاراوەیە)) بەهـــەمان شـــێوە شـــیكردنەوەی بوونگـــەریی بە((تایبەتمەندی)) گشتی وەسف ناكرێت، بەڵكو ڕێگەی شیاوی وەسف دەكــرێ كە(دازاین)لێیــەوە دەتوانێــت بــوونی هــەبێت . ئــەم ڕێگایــە شــیاوی بوونــە، كــە(هایدگــەر) نــاوی دەنێــت"پێــداگرتنی بوونگــەری"(**existentialia**) ئــەم پێداگرتنی بوونگەرییە دەتوانرێت لەگەڵ"وتەی" بــاو و دیــاردا، واتــە گــشتی ترین چەمككگەلدا لەبارەی ســوودمەندی بــۆ وەســفی هــەبووان جگــە لــەمرۆڤ بەراورد بكرێت (هەروەها بەرامبەر بە ڕابردوو).

ب ـ بــوونی(دازایــن)لەهــەر بارەیەكــەوە بــە یــەكێك لــە(ئــەومن بــوون)ە (**mineness**) بێ وێنە دیاردەبێــت،كە هەمیشە بــوونی خــودی هەركەســێكە. تاوەكو ئێمەلەئەزموونی ســادەماندا ئــەو بناســین، ئــەم یەكانەییــەی(دازایــن) سەخت دێتە ڕاگەیانــدن. لــەلای مــن جیاوازییــەك نییــە كەچــەند ڕوونووســی

تایبەتی ڕۆژنامە بەیانی بەدەستم دەگات، چونکە ئەوانە هەموو وەکو یەکن‌و خوێندنی یەکێك هەروەکو خوێندنی ئەوانی ترە. بەڵام(دازاین)ێك ناتوانرێ هەروەکو شتێکی بێ بەها لەجێگەی یەکێکی ترکرێ. (دازاین)بە راناوی کەسی لەبارەی گوتارەوە قەرار دەگرێت."دازاین" تەنها جۆرێك نییە لەجۆرەکانی هەبوون. ئەم قسانە تێکرا تا ئەندازەی نوکتە سەرچاوە دەگرێ کە پێشتر وتمان، بەو واتایەی کە(دازاین) چۆنییەکی جێگیری نییە کە پێیەوە بێت یان ئەم قسەیە کە بوون ڕابەری بەکەڵکی ماهییەتێتی، بەڵام ئەگەر نەتوانرێ لە(دازاین)هەروەکو جۆرێ لەیەکجۆری باس کرێت، ئەی چۆن شتی وەکو شیکردنەوەی بوونگەری شیاوە؟ ئێمە لەپێشدا وتمان کە شیکردنەوەی بوونگەری لەتایبەتی واقیعی گشتیدا باس ناکرێت، بەڵام ناسینی لەئاسۆی شیاودا (واتە لەبەدەستهێنانەکانی بوونگەری)دا، کە لەناو ئەو بەدەست هێناندا جیاکردنەوەو دیاری کردنی (بوونی کەسی)هەر (دازاین)ێك کارێکی شیاوە.

ج ـ (دازاین)دەتوانێت خۆی هەڵبژێرێت یان دەرباز بکات. ئەو دەتوانێت جێگەیەکی ناسراوی هەبێت لە(هەوڵدان/وەستان)دا، یان لەجۆرە ڕێگایەکی ئاسایی‌و بێ ناونیشاندا ژیانی نوقم بێت. کە ژیانی لەو بەدەستهێنانەوەدا لەدەست بدات‌و کاروبار یان فشارەکانی کۆمەڵ بۆ ئەو شتانێکی بڕیاردەربن. بەم جۆرە دەتوانین لەبارەی بوونەوە دوو دۆخی بنەڕەتی بڵێین: بوونی سەرەکی(اصیل) یان خودی (**authentic**)، کە(دازاین)لەودا هەبوونی خۆی بەدەست دێنێت‌و بوونی ناسەرەکی(غیر اصیل) یان ناخودی (**inauthentic**)کە لەوەدا ئەم بەدەستهێنانانە ئازاد یاخود سەربەخۆیە. لەڕاستیدا هەر(دازاین)ێك تەنها لەزۆربەی کاتدا ژیانی ناسەرەکی تەواو سەرەکی بوونی شتێك نییە کە بۆ

یەکجارو بۆ تەواوی تەمەن بەدەست بێت. بەڵکو پێویستە هەمیشە لەجێگەی نوێدا کە دێتە پێشەوە بڕیار بدات.

شیکردنەوەی بوونگەری ئەرکێتی کە چەمکی بوون بە شێوەیەکی درێژ بناسێتو ئێمە(...)[٥](هایدگەر) بەو شتە دەست پێدەکات کە بەبوونی(هەر ڕۆژی) ناوی دەبات ئەو جۆرە بوونەی کە لەهەموو جۆرێکی تر لەبەر دەست ترەو لەبەر ئەوەو زۆر ئیحتیمال ناسەرەکیشە، ئەو لێرەدا بە شێوەی سەرەکی دەیناسێنێ. ئێمەش لەپەیڕەوی گۆشەنیگاکەیەوە باسەکەمان بە تێبینی لەسەر بوونی هەر ڕۆژی درێژە پێدەدەین [٦]

سەرچاوە:

مارتین هایدگر، جان مك کواری، ترجمە: محمد سعید حنایی انشادات گروس، چاپ اول ١٣٧٦ ص ٤٧- ٥٥

---

٥ (...)لەم جێگەیەدا نووسەر باسی بەشەکانی پێشوو ئاماژە پێدەدات.

٦ مەبەستی لەدەست پێکردنی بەشێکی تری کتێبەکەیە کە بەناونیشانی{"هەبوون ـ لە ـ جیهان"دا هەر رۆژی}ەوە دێت.

گفتوگۆ لەگەڵ

(تۆماس کۆهن)دا*

وێناندنی زانستی لەجیهاندا

پ/ باشتر نییە ئێوە زیاتر بە مێژوونووسی زانست بژمێردرێن تاوەکو فەیلەسوف؟

کۆهن/ من نزیکەی سەرلەبەر تەمەنم لەچوارچێوەی دیاردەی مێژووی زانستدا بەسەربردووەو لایەنی کەم لەئەمریکادا زیاتر بە مێژووزان ناسراوم. هەڵبەتە دەشخوازم بە فەلسەفەی زانست هەستم، هەرچەندە لەئەمریکادا زیاتر لەئەوروپا نیشانەی وردوو سنوری جیاکردنەوە هەیە لەنێوانیادا. کاتێك کەچاپی یەکەمی کتێبەکەم ((بونیادی شۆڕشی زانستی)) لەساڵی ١٩٦٢دا بڵاوبوویەوە، لەڕاستیدا خۆشم نەمدەزانی کە کارەکەم دەبێت لەسنوری کام کۆمەڵەیاندا بێت. رەنگە ئەم جۆرە((کۆمەڵناسی زانست))بگرێتەوە . دوای ئەوە، بە توانایەکی زیاترەوە ڕووم کردە فەلسەفەی زانست. لەکۆتاییدا، دەتوانم بە ئارەزووەوە بڵێم کە سنووری نێوان مێژوو و فەلسەفە ئەمڕۆ بەهێزترە لەجاران. لێرەوە لەسەر ئەو بڕوایەم کە هەریەکەیان بە پێداویستی وورد دەورە دراون لەو کاتەی کە مێژووزان ئاوێزان نییە بەکاری واقیعەوە، فەیلەسوف نابێت خۆی لێ بشارێتەوە، دەتوانێت جارێك ئەمو جارێك ئەوبێت، بەڵام هاوکات ناتوانێت هەردووکیان بێت.

پ/ ئایا دەکرێ قۆناغە سەرەکییەکانی دەستکەوتنی (فکر)یتان باس بکەن؟

کۆهن/ من لەیەکەمین ساڵی خوێندنما لەزانکۆ، بە فەلسەفە ئاشنا بووم، کاتێ کە((هەڵسەنگاندنی عەقڵانی))م خوێندەوە، لێکدانەوەی(کانت) بۆ شوێنو مەرجی زانست منی خستە ژێر کاریگەرییەوە. دوای ئەوە هەستام بە

خوێندنی فیزیاو زیاتر ئاشنایەتیم لەگەڵ فیزیای بەستودا(جامد) پەیدا کرد. ڕۆژێك کاتێ سەرگەرمی ئامادەکردنی نامەیەکی زانستی بووم(جیمز کۆنانت)[1] سەرۆکی زانکۆی (هارڤارد) داوای لێکردم کە وانەیەك ئامادە بکەم بۆ کۆمەڵێك لە ناپسپۆران کە پێویست بوو لەسەر ڕووناکییە نموونەییەکان تابزانن پراکتیکی زانستی دەتوانێت چ بەرچاویو دیمەنێکی هەبێت.

بۆ ئەم وانەیە، دەستم کرد بەخوێندنەوەی (ئەرستۆ) تاوەکو لەو ڕووەوە باشتر ئاماژە بدەم بە(گالیلۆ) و(نیوتن). لەرێگای ئەم لێکۆڵینەوانەوە ـ کە خاڵی گرنگی کتێبەکەم بوو لەسەر شۆڕشی کۆپەرنیکۆسی ـ بۆم ئاشکرا بوو کە وێنەی زانست بەو جۆرەی کە فەلسەفەی زاڵی ئەمەریکا ـ واتە بە دەست هێنانەکانی گروپی لۆجیکی لەگەڵ کارناپ، فرانك وایردا کە لەکۆتایی دەیەی چلەکاندا بە دەستیان هێنا، تەواو تەبا نییە لەگەڵ واقیعدا، ئەنجام ئەوە بوو تا فیزیا رزگار بکەم هەستام بە مێژووی زانست.

پ/ مێژووی زانست شێوە مەبەستێکی جوان بوو، لەو کاتەدا لەژێر کاریگەری چ کەسێکدا بوون؟

کۆهن/ سەرەتا پێویستە ئاماژە بە((ئەلەسکەندەر کووارە)[2]بکەم، وەك مێژووزانێك نەك وەکو فەیلەسوفێك. ((خوێندنەوەکان دەربارەی گالیلۆ))م لەدەوروبەری ساڵی ١٩٤٧دا خوێندبووەوەو دوای ئەوە، لەساڵی ١٩٥٠دا، لەگەشتێکما بۆ ئەوروپا، چاوم بەخۆی کەوت. بۆ بناغەی لێکدانەوە،کە من

---

[1] James conant

[2] Alexandre koyre

لە"گالیلۆ" دا هەمبوو. "كـوواره" كتێبێكـی((ئـارتوور ئـاو لاوجیـز)) [٣]ی پێناسـاندم كـه بەناونیـشانی((زنجـیرەی گـەورە بـوون))كـە لەسـاڵی ١٩٣٦دا نووسیویەتی‌و پەیوەندی بە تایبەتێتی پێكهاتـەی بیرەكانـەوە هەیـە { دواتـر كارەكانی تری فەرەنسای پێناساندم: كارەكانی(ئـەمیر میرسـۆن) [٤]، بۆنموونـە كتێبی(ناسنامەو واقیعییەت)[٥]. یان كارەكانی (هیلن میتزگر) [٦] دەربـارەی مێژووی كیمیا. گەڕانەوە بۆ(دوهەم)[٧] مـن بـە تایبـەتی ئـەو بـیرەم لـەوەوە وەرگرتووەو لەبەرچاومە، وەكو ئەوەی كە بۆ پەی بردنی فیزیای كۆن بە فیزیای نوێوە، ناتوانرێ فیزیای سەدەكانی ناوەڕاست لەبەرچاو نـەگیرێ. دەبێـت بڵـێم ئەگەرچـی(باشـلار) [٨]م لەسـاڵی ١٩٥٠دا لـەپاریس ناسـی، بـەڵام هەنـدێ لەكارەكانیم خوێندبوویەوە ئەنجامی كۆتـایی ئەوەیـە كـە فەلـسەفەی هـەرگیز شوێنەواری لەسەرم نەبووە.}

پ/ كاریگەری نووسەرە ئەمریكاییەكان چۆن بوو؟

كۆهن/ لەسەرنجی منا(دەبلیو. وی. كوئین)[٩] گرنگترین جێگەی هەیە. ئەوم دوبارە لە(هارڤارد) بینییەوە. كاتێ كـە نامـە بەناوبانگەكـەی بـەناوی((دوو بنەڕەتی دابڕاوی ئەزمونگەرایی)) لەساڵی ١٩٥١ دا بڵاوبوویەوە، ڕەخنەكـەی

---

٣ Arthur o.Lovejoys

٤ Emile Meyerson

٥ ldertite et realite

٦ Helene Metzger

٧ Duihem

٨ Bachelard

٩ W.V.Ouine

لەجیاکردنەوەی نێوان راستی(شیکردنەوەیی)زمانیو ڕاستی (پێکهاتەیی) واقیعی، منی هەژاند. لەسەرنجی ئەودا، هەر ڕاستییەك بە ئەندازەیەك وابەستەیە بە زمانو کاری واقیعەوە. منیش لەڕێگەی خوێندنەوەکانمەوە لەسەر مێژووی زانست، بەهەمان ئەنجام گەیشتم. کارێکی تری (کوئین) بەشی سەرەتایی(واژەو شت)ە لەسالّی ١٩٦٠دا، بۆ من بەهەمان شێوە گەورە بوو، بەلاّم لەو لایەنەوە لەگەلّیدا نیم کە ئەو لەگەلّ وەرگێڕانی تەواو دایە. بە بڕوای من دیاردە هەیە کە وەردەگێردرێتو دیاردەش هەیە کە وەرناگێڕدرێت، بەلاّم زمانێك کە نەتوانرێت دیاردیەك وەربگێڕێت، لاری لەڕێیدا نییە کە کۆمەلّێ واژەی نویێ بهێنێتو بە دروستی بەکاری بهێنێت.

(هەروەها پەیوەندی هەیە بە شوێنی هاوسێیەتییەوە لەژیانی رۆژانەدا، بۆ نموونە دەربڕینێکی وەکو **the cat is on the mat** بە تەواوی بۆ فەرەنسی وەرناگێڕدرێت، چونکە لەزمانی فەرنسیدا هیچ ووشەیەك نییە کەجێگەی ووشەی**mat** بگرێتەوە(وشەی ئینگلیزی **mat** چەشنی جیاوازی هەیە، لەگەلّ ئەوەدا کەواتای قالّی بچوکی هەیە، حەسیرو پێلاّو پاککەرەوەو.... هتد دەگەیەنێت)و لەبارەی زمانی زانستییەوە کە پێویستی بە زۆرترین وردبینییە، شکاندنە کۆسپی سەرەڕێ، کارێکی دژوارە لەم لارێگەیەدا.)

پ/ ئایا پێش مەرجی فەلسەفەی ئێوە، فەلسەفەیەکی زمانییە؟

کۆهن/ بە باوەڕی من زمان نیشاندەری مەرجی زانستە، چونکە زانیین هەلّدەگرێت لەبارەی دەستکەوتی بیرمەندەوە. ئەنجامی لێکۆلّینەوە زانستییەکان ناتوانن بەبێ هاوکاری زمان ئاشکرا کرێن، من بە چاکی ئەوە دەبینمەوە کەدوو گروپ لەلێکۆلّەوەران کە هاوکات لەبارەی بابەتێکی دیاری

کراوەوە کاردەکەن، ئەنجامەکانیشیان بە ناوەڕۆکی جیاوازەوە بێت، دەتوانن بە تەواوی عەقلآنییەوە بە ئەنجام بگەن. پێویست وانییە کە تەنها حەقیقەتێکی زانستی بوونی هەبێت، بەڵکو دەشێ چەند حەقیقەتێك هەبێت، هەڵبەتە بە پێچەوانەی (پۆپەر)ەوە لەگەڵ ئەوەدانیم کە حەقیقەت بە سادەیی بەرامبەر دیاردەیەك بێتو ئێمەش لەدەرەوەی بین.

لای(پۆپەر)هەر بابەتێکی دیاری کراو، تەنها یەك حەقیقەتی هەیەو جگە لەوە هەموو راگەیاندراوەکانی تر لەبارەی ئەو بابەتەوە، هەموو هەڵەن. بەڵام ئەم کارە بەو سادەییە نییە. کاتێك کە مرۆڤەکان لەو باوەڕەدابوون زەوی ناوەندی جیهانە، یان کاتێك باوەڕیان بە تیورەی"فلۆژیستی" هەبوو. بۆ ئەم باوەڕانە بەڵگەی تەواویان هەبوو، ئەمڕۆ ئێمە وەها باوەڕمان نییە، بەڵام ئەو باوەڕانەش ناتوانرێ بە"هەڵە"ی ڕووت دابنرێن.

پ/ ئایا کاتێ لەهەڵسەنگاندن{لەپێوەر} نەهاتوو دروست بوو، دەتانەویست هەمان شت بڵێن؟

کۆهن/ لەبنەمادا ئەم لێکدانەوەیە پەیوەندی بەڕامانی بیرکاری زانانی یۆنانییەوە هەیە دەربارەی ڕێژەی نێوان ئەندازەی قەبارەی چوارگۆشە بە دەنگەوە. ئەم ڕێژەیە، شیاوی ئاشکراکردن نییە لەژمارە یان لە(لۆجیك)دا. بەڵام سەرنجی من لەووشەی(لەهەڵسەنگاندن نەهاتوو) کە بەکەڵکی ئەمڕۆ بێت، ئەوەیە کە جارێ زمان دۆستایەتییەکی وای نییە کە بتوانێت ئەو دوو تیۆرەیە بەراورد بکات{واتە زمانێکی هاوبەش کە بتوانێت هەردوو تیۆرەکە بدرکێنێت} ئەم خاڵە دیارە هەروەکو پێشتر ووتم بۆ وەرگێڕانی هەندێ دیاردەو

دەرکەوت کارێکی دژوارە کە بۆ پیشاندانی ووتەیەکی تازە کەسێك بتوانێت کۆمەڵێك ووشەی نوێ بهێنێت. بە کورتی ناوەڕۆك هەیە کە زمان توانای بەسەریدا ناشکێت، بۆ نموونە ئێمە دەتوانین سەگو پشیلە لەیەکتر جیابکەینەوە، بەڵام ئەگەر بوونەوەرێکی سروشتی پەیدابێت کە ناچاربین ناوی بە((سەگە پشیلە)) بەرین، ئەوکاتە بەشێ لەزمان کە پەیوەندی بە شێوە بەندی ئاژەڵەکانەوە هەیە ریز دەکرێو (پێویستە لەسەرمان کۆمەڵێکی تر لەووشە لەشوێنیان دانێین.)

پ/ ئەم تێبینیانە لەکاری ئێوەدا چۆن بووە لەسەر مێژووی زانست؟

کۆهن/ مەبەستم ئەوەیە کە مێژووزانان لەهەوڵیاندا بۆ وەرگێڕانی بیرگەلی بیرمەندانی پێشو بە زمانی ئێستاوە، زۆربەیان نابینا بەکەناری بیرەکاندا تێ پەڕیون، بۆ نموونە ئەمڕۆ تیۆرەکانی(ماکس پلانك) لەگەڵ ناوەڕۆکی جیاوازدا ڕووبەڕوو بووەتەوە، لەشوێنی ووشەی"پێوەری لەرینەوە") (**Resonatort** کە ئەو لەپێش ساڵی (١٩١٩)ەوە بەکارهێناوە، ئەمڕۆ مێژووزانانی نوێ" بزوێنەر ساز" (**oszillator**) بەکاردەهێننو بەم کارەشیان ناتوانن لەتێزەکانی بە چاکی تێبگەن. بە شێوەیەکی گشتی هەرکاتێ کە مێژووزان بیەوێت رابردوو بەزمانی ئێستا بگێڕێتەوە بە هەڵەدا دەڕۆن. بەرەو پێش چوونی زانستی لەگەڵ شێوەکانی زماندا بە دوای یەکتریدانو لەگەڵ شێوەی زماندا واتە لەگەڵ گۆڕانکاری ڕوانگەی جیهاندان.

پ/ (میشێل فۆکۆ)ش لەم لایەنەوە گەورەیی هەیە کە دەڵێ زمان لەرابردوودا واتاو شوێنی ئەمڕۆیی نییە؟ {ئەمەی لەزانستە جیاوازەکاندا پیشان داوە} ئایا نزیکی ئێوە لەلێکۆڵینەوەکانیەوە تا چەندە؟

کۆهن/ من لەرێگای خوێندنەوەی کارەکانی(فۆکۆ)وە بەو ئەنجامە گەیشتووم کە نزیکیمان لەیەکترەوە بەو ئەندازەیە نییە کە بلاوە. لەڕاستیدا ئێمە لەسەر ئەو بیرە هاوڕاین کە ڕوانگەی جیهان بەهۆی زمانەوە دیاری دەکرێتو ئەم بەدەست هێنانەشمان لە(کوواره)وە وەرگرتووە، بەلام زنجیرەیەك جیاوازی هەیە لەنێوان ووشە(مەقوله)ی ((پارادایم)) کەمن ووشەیەکی ترم بەکارنەهێناوە، چونکە ناتوانم بەرپرسیارێتی تەواوی لێکدانەوەکان بم کە بۆ ئەوە بەکاربێت و ووشەی"ئەبیستم" (معریفەت) کە لای فۆکۆ هەیە.

(فۆکۆ) بەشێوەیەکی دیاری کراو، هیچ کاتێك ئاماژەی بەوە نەداوە کە چۆن دەتوانێت کە لە(ئەبیستم)ێکەوەلە(ئەبیستم)ێکی تر بگات. (بەو مانایەی کە ئەو مێژووزانێك نییە} ڕەنگە زیاتر ئەو(مرۆڤناس) ێك بێت. کاری ئەو ناسینی کارکردنی سیستمە، بەلام ئەو میکانیزمانەی کە ئەو سیستمانە ئالۆگۆڕ پێ دەکات، بە دەگمەن جێگای سەرنجو تێبینی ئەو بووە.

پ/ شوێنی خۆتان لەنێوان ڕووبەڕووبونەوەی واقیعگەراییو ڕێژەگەرایدا چۆن دەبینن؟

کۆهن/ من ڕێژەگەرانیم، چونکە باوەڕم نییە کە هەموو هەڵهێنجانەکان بەهایان بەرامبەر یەکتری هەبێت. لەسەرنجی مندا، هەمیشە شیاوە کە بنەڕەتێکی بەرچاو بە ئەنجامێك بگات کە ڕێژەکەی لەپاشماوەی ئەنجامەکانی تر زیاتربێت، لێرەوە هەست دەکەم کە لەو واقیعگەراییەوە نزیکترم کە ئەمرۆ(هیلری پۆتنام) [١٠] لایەنگرێتی، ئێمە دووکەسی هاوسەرنجین لەپلەی

---

[١٠] Hilary Putnam

بڕیار بە دەست هێنـانو هـەروەها لـەدڵکاری پەیوەنـد بـە ووتـەی(واتـا یـان هێما)وە.

لەوانەیە(پۆتنام) من لەخۆی زیاتر بـە بـیروڕای ڕێژەگـەرا بزانێـت، بـەڵام ڕێژەگەرایی ڕەها، لەو جۆرەی(ریچارد ڕووتی) (١١) بە تەواوی ڕەت دەکەمەوە.

بە بڕوای (ڕووتی)، تەنها(قەهر) کۆسـپی بـەردەم پەیوەندییـە نـەك بابـەت گەلێك کە لەناو زماندان. بەرامبەر ئەمـە، بـەو ئەنجامـە گەیـشت کـە هـەر لێکۆڵینەوەیەك سودمەند بێـت لـەزمانێکی تایبەتـدا. وەکـو فەلـسەفە یـان زانستی سروشتی. بە خاڵی لەناوەڕۆك لەقەڵەمی دەدا. من دڵنیـام کـە ئەمـە هەڵەیەو پێهاتی ترسناکە.

پ/ ئێوە دەربارەی(ئاناشیزم) لەو شـێوەیەی کـە(پـول فـیر ئابنـد) (١٢) لایەنگریەتی چۆن بیردەکەنەوە؟

کۆهن/ (فیر ئابند)یش خۆی وەکو ڕێژەگەرایەك نابینێت . بە بـاوەڕی مـن، ئەو باوەڕی بە پێشڕەوی زانست هەیەو ئەگەر داواکردنی مافی ئـازادی تـەواو لەهەڵبژاردندا بۆ بیرمەند تەنها شێوازێك بێـت، ئـەوا لەبـەر ئـەوە بـووە کـە ڕێگابدات زانست خێراتر بەرێ بکەوێت.

جیاوازی لەنێوان منو ئەو لەوەدایە کـە ئەگـەر لای (فـیر ئابنـد) پلەیـەك لەڕێژەگەرایی پەیوەندی بە شێوازەوە هەبێت، ئەوا لای من زیـاتر لەپەیوەنـدی بە(حەقیقەت)دا ڕێژەگەرام . ناوەڕۆکی حەقیقەت لەپێکهاتەی زانینا، شـێوەی گەورەی مێژووی پاراستووە و سودیشی تەواو پێویستە، بەهەرحاڵ دەتوانین ئەم

---

١١ Richard Rorty

١٢ Paul Feyerabend

ناوەڕۆکەی حەقیقەت تا ئەو جێگەیە ئاڵوگۆڕ پێ بکەین کە ئیتر خوازیاری بەراورد یان سەرنجدان لەهەر جۆرێکدا بێت لەگەڵ جیهانی نەشیاوو بێ هاوتادا نەبێت.

پ/ ئایا وادەزانن کە کۆمەڵناسی زانین شیاوی ئەوەبێت لەکۆتایدا بەسەرکەوتویی لەتوانیدایە کە جێگەی فەلسەفەی زانستو ئەوە بگرێتەوە کە تائێستا بە زانین ناسی ناسراوە؟

کۆهن/ مایەی زانین ناسی لەگەڵ پەیوەندی بە مێژوو کۆمەڵناسی زانستییەوە، تەواو لەم ساڵانەی دوایدا کەم بووتەوە. بەلاّم من لێرەدا وەها ئەنجامێك وەرناگرم کە فەلسەفەی زانستی دەکرێ کۆتایی بێت ، چونکە ئەگەر کۆمەڵناسی وا بەستەی کارکردنی خۆی هەبێ لایەنی کەم بۆ کۆمەك کردنمان لەسەر بیرکردنەوەی شوێنی زانست لەکۆمەڵدا ـ ئەوا دەربارەی ئەوەی کە ناسینی زانستی بە باشی خۆی دەسازێنێ، هیچ شتێ، یان شتێکی گرنگ نییە بۆ ووتن. بەرامبەر ئەمە لەهەرساتێکدا پێویستی تر ئەوەیە کە دەربارەی بەهاناسینو ئەقلاّنییەت لەخۆمان پرسیار بکەین یان دەربارەی ناوەڕۆکی واتا ڕابمێنێنو بزانین کە بەهۆی چ ڕەوتێکەوەیە ناوەڕۆکی ووشەیەك دەتوانێت لەزماندا پێ بگات.

پ/ ئایا سەرکەوتنی تێڕامانتان دەربارەی زانست. دەشێ قسەتان خاوەنی فەلسەفەیەکی((گشتی))بێت؟

کۆهن/ منیش وەکو هەرکەسێ خاوەنی سەرنجی فەلسەفیم، بەلاّم زیاتر باوەڕم بەکاری شێوە فەلسەفییەوە هەیە تاوەکو بە فێرکار(حەکیم)ێکی

تایبەتییەوە . (پۆپەر) کە لەشێوەی فەلسەفیدا قسەی باشتری هەیە لەشێوەی زانستی بەسەرنجی من حەقێتی کە شێوەی فەلسەفی وەکو کارکردێکی ڕەخنەیی دیاری کراو سازداوە، ئەم کارە ڕەخنەییە خۆی لەخۆیدا گرنگە.

بەداخەوە کە ئەم کارو"خستنەڕوو"انە، بە شێوەیەکی گشتی ئەمڕۆ شێوەی ناوەندێتی نییە لەپەروەردەکردنی مرۆڤەکانداو تایبەت بووە بە دیموکراتی کردنی فێربوونەوە . واتە ئارەزووی من لەیەك کاتدا هەم دڵم بۆی دەسوتێو هەم پشتیوانی لێ دەکەم.

سەرچاوە

ئەم گفتوگۆیە، بڵاوکراوەی فەرەنسی(لوموند) لەگەڵ(تۆماس کۆهن)ئەنجامی داوەو وەرگێڕانە فارسییەکەشی لەئەڵمانییەوە وەرگیراوە کە(ش. والامنش) وەری گێڕاوە .**Die Zeit nr. ١٨,٢٨April ١٩٩٥.p٤٢**

وەرگێڕانە فارسییەکەشی بە دەقی سەرەکی(فەرەنسییەکەی)بەراوورد کراوەو ئەو بەشانەشی کە لەوەرگێڕانە ئەڵمانییەکەدا نییە خراوەتەوە سەریو لەنێوان دووکەوانەی ( ) دانراوەتەوە

مجله(نقد) شمارەی نوزدەهم ـ شهریورماه ١٣٧٥ ص ١٢٠ـ ١٢٧

فەیلەسوف و سیاسەتمەدار

بابک احمدی

(جۆرج لۆکاش) کاتێ کە لاوبـوو جارێکیـان نووسـی: (ئامـانج ڕۆشـنبیرییە، سیاسەت لەئامرازێك زیاتر نییە). تەنانەت گریمانەی ئـەو خاڵـەی کـە(لۆکـاش) لەدەیەکانی دواتردا واتە لەسەردەمی ئەندامێتی ئەو لەکۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیـستی مەجەرسـتانو ڕابەرایـەتی کـۆمینترین، بـەم حوکمـەی خۆیـەوە مایەوە، گریمانەیەکی سادەو پێکەنیناوییە. بەڵام هـەرکاتێ کـە سـەیری ژیـانی سیاسیو نووسینەکانی دەکەین، دەگەینە ئەو بـاوەڕەی کـە ئـەم گریمانـە خـۆش بینانەیە، هێندە بـێ لۆجیـك نییـەو(لۆکـاش) بـەردەوام دەیەویـست لـەڕێگای بەشداری کردن لەسیاسەتدا شتێك بەدی بهێنێت کە خۆی پێـی وابـوو کرانـەوەی ڕۆشنبیرییە لەکاری مرۆڤی هاوچەرخدا.

ئەو بە پەیڕەوی کردن لە(مارکس) باوەڕی وەهابوو کەئایندەی کۆمۆنیـستی، ڕێگای کرانەوەو بەدیهاتنی ڕاستەقینەی توانستی ڕۆشنبیری داهێنەرانەی مرۆڤە. ڕاگەیاندنی ئەم باوەڕەو بەرگری کردن لێی، کە زیاتر پابەندبوو بە کۆمۆنیزمی ستالینییەوە بۆ ئەو ئاسانو بێ مەترسی نەبوو. جارێکیان لەسـاڵەکانی جـەنگی دووەمی جیهانیـدا، کاتـێ کـە لەمۆسـکۆ دەژیـا، بـۆ ماوەیـەك دەسـتگیرکرا، هەرچەندە ماوەی گرتنەکەی کورت بوو، بەڵام تامی لێکۆڵینـەوە پۆلیـسییەکانی ئاسایشی سۆڤێتی چەشت. جارێکی تر، دوای ئەوەی کە لەشکری سوری سۆڤێتی لەساڵی ١٩٥٦دا وڵاتەکەی داگیرکرد، چوو بۆ ڤیەنناو خۆی لەچارەنوسێکی تـاڵ ڕزگارکرد کە لەچاوەڕوانی هەندێك لەنزیکترین هاوڕێیانی ئەودابوو، لەناویـشیاندا (ئیمرەناگی) ڕابەری ئازادیخوازی شۆڕشی مەجەرستان . بەڵام سەبارەت بە باوەڕی

ئەو لەسەر دروستی ئەو ڕێبازە سیاسییەی کە هەڵی بژاردبوو، هیچ نا تەواوییەك ڕوی نەداو تا کۆتایی تەمەنی کە ساڵی ١٩٧١مرد، هەر بە کۆمۆنیستی مایەوە. هەڵبەتە ئەو هەرگیز بە چاوی خۆی ئەو کرانەوە ڕۆشنبیرییەی نەبینی کە خۆی چاوەڕوانی دەکرد، بەڵام لەمڕۆدا، خوێندنەوەی گرنگترین بەرهەمەکانی بۆ ئەو کەسانە بێ سود نییە کە بیانەوێت بەهەر هۆیەك بێت ئەوە بسەلمێنن کە ڕۆشنبیری ئامانجەو سیاسەتیش ئامرازە.

هێنانەوەی نموونە لەسەر بێزاری لەسیاسەت لەناو فەیلەسوفان، بیرمەندان، هونەرمەندانداد، کارێکی دژوار نییە. تەنانەت دەتوانرێت هەڵهاتن لەسیاسەت، وەك جۆرێك لەنەخۆشی دەرونی دەربکەوێت. (تۆماس مان) کە یەکێك لەگرنگترین ناوەڕۆکەکانی شاخی جادوی بە(ئایندەی شارستانی ئەوروپا) دانابوو، کاراکتەرەکانی ڕۆمانەکەی لە گفتوگۆیەکی ناکۆتای سیاسی ـ ڕۆشنبیرییەوە ئالاندبوو، یان چەندین ساڵ دواتر لە(دکتۆر فاستوس)دا هەوڵیدابوو ڕەخنە لە ویژدانی گوناهکاری ئەڵمانی بگرێت، ئاکامی کارەکەی خۆیشی بە سیاسی، ڕۆشنبیری دانابوو. لەژیانی تایبەتیشیدا، ساڵانی درێژی ئاوارەیی بوونی خۆی بۆ ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ نازییەکاندا دانابوو. لەساڵی ١٩١٨دا واتە ساڵی کۆتایهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانیو سەرهەڵدانی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە لەئەڵمانیاو حکومەتی شورایی لەمەجەرستانو تێوەگلانی ڕوسیا لەجەنگی ناوخۆییو..... نووسیبوی: ((بەڕای من ئیدی نائاسایی دەبێت کە ئەگەر کەسێك بتوانێت نەیاری ئەم حوکمە بێت کە((مرۆڤایەتی))و ڕێبازو ڕەوشی مرۆڤایەتی لەقولایی بیرکردنەوەدا، بە ئاشکرا بە مانای دژبوون بێت لەگەڵ هەرجۆرە سیاسەتێکدا. تێفکرینو قولبونەوە لەشتەکان بە شێوەی مرۆڤایەتی، بە واتای تێفکرینو

قولبونەوەیە لەشتەکان بە شێوەیەکی ناسیاسی)[١] . (تۆماس مان) لـەتێڕوانینی مانەوییەوە ئالابوو، هەرزوو بڕیاری دا، کەلەنێوان چاکە(هیومانیزمو تێفکرین بە شێوەی مرۆڤایەتی کە هێمای هەمان پێشکەوتنی ڕۆشنبیرییە) وخراپە(سیاسەت کە هەمان توندوتیژی دژ بە مرۆڤایەتییـە) یەکـەمیان هەڵبـژێرێت. بـەڵام ئـەو لەسـاڵانی دواتـردا بـەم تێڕوانینـەی خـۆی وەفـادار نەمایـەوە، هـەروەها ئـەم ڕاستییەش کەکەمترین بیرمەندو هونەرمەندانی ئەم سـەدەیەی ئێمـە توانیویانـە خۆیان لەگوتاری سیاسی(نەك بە ناچاری لـەژیانی سیاسـی) بـە دووربگـرن، بـە جوانی ئەوە نیشان دەدات کە دەبێت لەمەڕ دروسـتی تـەواوەتی ئـەو بەرامبـەر وەستانەوەی مانەویی بە گومان بین.

لەساڵانی پـاش جـەنگی دووەمـی جیهانیـدا(مـۆریس بلانـشۆ)ی هـەڵهاتوو لەسیاسەتو(ژان پۆل سارتەر) کە لایەنگری پابەندی ئەدەب بوو بە سیاسـەتەوە، لەدوو ڕێچکەی جیاوازەوە پەیوەندی ئاڵۆزو گرنگـی سیاسـەتو ڕۆشـنبیری(یـان ئەگەر حەز بکەیت دەتوانیت بڵێیت: پەیوەندی سیاسەتو مۆراڵ، یان پەیوەنـدی ڕۆشـنبیریو مـۆراڵ) یـان بـێ بایـەخ کردبـوو. ئێـستا ئاشـکرایە کـە ئێمـە لەخستنەڕووی بابەتەکەدا ڕێگەی هەڵهاتنمان نییە.

فەیلەسوفەکان لەزۆر بواردا وا لەسیاسەتیان نەڕوانیوە کە وەك هۆکار یان وەك ئامرازێك بە کەڵکی ئامانجەکانیان بێت، بـەڵام زۆرجـار ڕوبـەڕوی ئـەم پرسـیارە بونەتـەوە کـەئایا خـودی ئێـوە هـیچ کاتێـك ئامرازێـك نـەبوون بـە دەسـت سیاسەتمەدارانەوە؟ با پرسیارەکە بە شێوەیەکی ڕێکـترو ئەمڕۆییانـەتر فۆرمۆڵـە بکەین؟ ئایا لەڕۆژگاری مۆدێرندا، پەیوەندی نێـوان فەلـسەفەو سیاسـەت بـە چ

شێوەیەك خراوەتە ڕوو؟ لەڕاستیدا یەكێك لەگەورەترین ئەو بەربەستانەی كە لەسەر ڕێگای ڕەخنە گرتنی فەلسەفیانە لەمۆدێرنێتەدا هەیە، ناكاراییو ناپەسەندی ڕێژەیی گوتاری سیاسییە لەئاشكراكردنی تەمومژە تیۆرییەكانی ژیانی مۆدێرنەدا، واتە كەسانێكی وەك(فۆكۆ)، (دۆلۆز)،(لیوتارد)،(دریدا) شاراوە نییە. ئەوان بەپێی توانای خۆیان هەوڵیانداوە تا ئەو سنورەی كە گوتاری سیاسیو فەلسەفی لەیەكتر جیادەبنەوە، لەهەمان كاتیشدا تا ئەو شوێنەشی كە هاوسێی یەكتربن، لێكۆڵینەوە بكەن. هەتا وەكو لەبارەی ئەم سنورەوە توێژینەوە بكەین، ڕێچكەی پێشكەوتنی تیۆرانینی ڕێژەگەرا لە(سۆسیۆلۆژیادا) هەموارتر دەبێت. لەسەدەی بیستەمدا، كە سەدەی لەدایكبونو سەرهەڵدانی تیۆروانینو ڕەوتی ڕەخنەگرانەی مۆدێرنێتەبوو، گەواهی بینینی نموونە گەلێكی دیارە لەهاوڕێیەتی فەیلەسوفان لەگەڵ دەسەڵاتی گەورەی سیاسیدا. هاوڕێیەتی(هەڵبەتە ڕەخنەگرانەی) (لۆكاش) لەگەل ڕژێمی پۆلیسی ستالینیدا نموونەی نەبوو.

(سارتەر)،(ئالتۆسێر)،(دلاولپە)،(كولتی)،(بلوخ)،(مالرو)،(كاستور یادیس) و بە شێكی زۆر لەفەیلەسوفان و بیرمەندانی تر، هەریەكەو لەساڵانی ژیانی خۆیدا هاوبیری سیاسەتەكانی حیزبە كۆمۆنیستەكان بوون. هەروەها ناتوانرێ هاوڕێیەتی(دیسان ڕەخنەگرانە)ی (هایدگەر) لەساڵانی **١٩٣٣ـ ١٩٣٤**دا لەگەڵ ڕژێمی هیتلەریدا لەبیر بەرینەوە. هیچ چارەیەك نییە، دەبێت پەیوەندی نێوان فەیلەسوفو كاری سیاسی بخەینە بەر لێكۆڵینەوە، هەرچەندە بەدەستهێنانی بنچینەیی ترین وەڵام كە پڕ بە پێستی ئەم پرسیارانە بێت كە سەرهەڵدەدەن، ئێستاو(بەم زووانە) ئەستەمە.

پەیوەندی فەیلەسوفو سیاسەتمەدار، هەمیشە ئـالۆز بـووە، ئـەم ئالۆزییـەش زیاتر خۆی لەدەخالەتکردنی فەیلەسوفان لەبابەتـە پراکتیکییـەکانی سیاسـەتدا، نیشان دەدات، ئەگەرنا جگە لەچەند نموونەیەك کە لەپەنجەکانی دەست تێناپـەڕن (وەك ئیمپراتۆری ڕەواقی ڕۆمـی مـارکۆس ئۆرلیـۆس)، کـەمتر سیاسـەتمەدارو دەسەلاتدارێك شك دەبەین کە ئارەزووی فەلسەفەی هەبێت، یان لەم قەڵەمڕەوەدا ناونیشانێکی هەبێت.

پێشینەی دژواری ئەم باسە دەچێتەوە سەر یەکەمین تروسـکەکانی تێفکرینـی فەلسەفی لەیۆناندا. خوێندنەوەی نووسـینەکانی ئـەفلاتونو ئەرسـتۆ بـە جـوانی نیشانی دەدات، وردبینی فەلسەفی بۆ ژیانی سیاسی لەگـەڵ چ دژواری گەلێکـدا بـەرەو ڕووە، هۆکـاری چ ئاسـتێك لـەگرفتو سـەختییە. (ئەرسـتۆ) لـەکتێبی حەوتەمی کتێبی سیاسەتدا ئـەم دژوارییانـەی هەڵـسەنگاندووە، لەوێـدا ئەمـە دەخوێنینەوە: (گومانی تیادا نییە کە باشترین حکومەت، ئەو حکومەتەیـە کـە هەموو کەس لەسایەیدا شـادبێتو بـە بەختـەوەری بـژین. بـەڵام تەنانـەت ئـەو کەسانەش کە ژیانی چاکە کارئـامێز، لەهـەر جـۆرێکی تـری ژیـان بـەدڵخوازتر دەزانن، هاودڵ نین سەبارەت بەو پرسەی کە ئایا دەبێت ژیانی پـڕ کـارو سیاسـی هەڵبژێرێت، یـان ئـەوەی لەسەرئێـشەی کـارە دنیاییـەکان ئاسـودەبێتو ژیـانی گۆشەگیریو تەنهایی بژی، کە بەبڕوای زۆرێك تەنها شایستەی فەیلەسـوفەکانە، لەڕاستیدا هەموو ئەوانـەی یـەکێك لـەم دوو شـێوە ژیانـە، واتـە شـێوە ژیـانی فەلسەفیو شێوە ژیانی سیاسی هەڵبژێرن ، هەڵبەتە هۆشیاری لەمەڕ ئەوەی کـە کامیان لەسەر هەقن، بە هیچ شێوەیەك کەم بـەها نییـە، لەبەرئـەوەی مـەرجی

ئەقڵیش هەم بۆتاكو هەم بۆ كۆمەڵگای سیاسی، ئەوەیە كە كارو ڕەفتارەكانی خۆی ئاراستەی ئامانجە باڵاكان بكات [٢].

(ئەرستۆ) ئەم خاڵەشی بۆ قسەكانی خۆی زیادكردووە، كە بەشداری كردن لەژیانی سیاسیدا، بە مەزندەی زۆرێك(تێكدانی ئاسایشی ژیانی تاكەكانە)، بەڵام بە بۆچونی هەندێكی تر(ژیانی پڕكارو بەشداری كردن لەكارە كۆمەڵایەتییەكاندا ، تەنها ژیانێكە كە شایستەی مرۆڤ بێت). (ئەرستۆ) لەم بارەیەوە بە ڕاشكاوی ناوی كەس ناهێنێت، بەڵام نووسی: (كۆمەڵێكی تر لەمانە زیاتر دەڕۆنو دەڵێن: تاكڕەوی‌و ناعەدالەتی بەسەر خەڵكەوە تەنها ڕێگای بەختەوەری میللەتە) كە ڕەنگە ئاماژەیەك بێت بۆ تێڕوانینی ستەمكارانەی ئەفلاتونو پەیڕەوانی ئەو. (ئەرستۆ) هەریەك لەم دیدگایانەی لێكدایەوەو حوكمێكی بەناوبانگی دا(پێویستە دەسەڵات لەسەر بنەمای چاكەكاری دابمەزرێت) [٣] وبۆ ئەوەی ڕێگە لەهەر جۆرە بەد حاڵییەك بگرێت، ئەم جارەش ئەمەی بۆ زیاد دەكات (بەڵام بە تەنها بونی چاكەكاری بەس نییە، بەڵكو پێویستە توانای بەكارخستنیشی هەبێت).

بەبۆچونی(ئەرستۆ) جیاوازی نێوان كاری فەیلەسوفو كاری سیاسەتمەدار ، تەنها جیاوازی كردن نییە لەنێوان دوو شێوەكاردا، بەڵكو جیاوازی كردنی دووبابەتی عەمەلی یان پراكتیكیشە. ئەم جیاوازییە لەنێوان(دوو شێوە ژیان)و دوو جیاوازی ژیاندایە لەسەر ڕوی زەویدا، یەكێكیان تایبەتە بەكاری سیاسییەوە (غەوغای كاری دنیایی)و ئەوی تریان تایبەتە بە لێكۆڵینەوەو گەڕان بە دوای حەقیقەتدا، بە دوای دانایی یان چاكەدا.

ئێستا ئەگەر ئێمە بەو ئەنجامە بگەین کە چاکە بە تەنها دانایی نییە، بەڵکو بەکارهێنانی دروستی دانایشە لەپێناو خۆشبەختی مرۆڤەکاندا و دروستکردنی ژیانی شادو خۆشبەخت(کە بەبۆچونی ـ ئەرستۆ ـ لەمەبەستی کۆتایی مرۆڤو فەیلەوسوفەکان جیا نییە) تەنها لەرێگای هەمان تواناییەوە بەکارهێنانی دانایی مومکینە، لەکاتێکدا کە بابەتی سەرەکی جێگە سەرنجی ئێمە لەسەر فراوانبونی زانینو ناسینی ڕوتی چاکە دەچێتەدەرەوە واتە دەگوێزرێتەوە بۆ فراوانبونی پراکتیکی یان بەکارهێنانی دانایی لەژیانی ڕۆژانەدا، لەلایەکی ترەوە نامانەوێت توانست بە ژیانی سادەو گۆشەگیرو ئارامی فەیلەسوف زیاتر لەژیانی سیاسەتمەداری دانا بزانین کە بەکارو کردەوەی خۆیەوە سەرگەرمە، واتە دانایی خۆی تاقی دەکاتەوەو لەو ڕێگەیەوە لەگەیشتن بە ژیانی خۆشبەختانەی خۆیو ئەوانی تر بەهرە وەردەگرێت.

(ئەرستۆ) چەند لاپەڕەیەك دواترو لەبەردەوامی باسەکەیدا، هەمان خاڵی گرنگ، واتە چەمکی کار زیاترو وردتر ڕۆشن دەکاتەوەو دەنوسێ: (بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەوە هەندێك وابیردەکەنەوە، کە کار لەژیاندا، ئیلزامی نییەو سنوردارە بە(کۆشش مادییەکانو) پەیوەندی بەوانی ترەوە هەیە . هەروەها نابێت ئەندێشە بە تەنها هەنگاوی عەمەلی دابنرێ کە بابەتی ئەو لەکارکردندا جێبەجێ بکرێت، بەڵکو ئامانجی جگە لەخۆی، نییەو تەنها بۆ خودی خۆی بیردەکاتەوەو زیاتر(شایستەی ناوی بیرکردنەوەیە) چونکە ئامانجەکانی ئەوان دروست ژیانەو لەم ڕووەوە دەبێت ئەوانەش بە جۆرە کارێك بژمێردرێن. تەنانەت لەبارەی کارە مادییەکانو دەرەوەشدا. لەڕاستیدا داخوازی ئەوان بە کەسانێکەوە

پەیوەنــدی هەیــە کــە لەڕاســتیدا ڕابــەرو داهێنــەری ئەوانــەبون)[٤] ئــەم دیدگایە(کارگەرا)بۆباسکردنی پەیوەند بە سیاسەتمەدارو فەیلەسوفەوە زۆر گرنگە. کاتــێ کــە(ئەرســتۆ) لــەبارەی دوو شــێوە ژیــانی گــشتی لەســەر ڕوی زەویــدا بیردەکاتەوەو دەپرسێت کە ئایا ژیانی خۆشــبەختانە لەســەرەڕێی کــاری ڕۆژانــەی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا مومکین دەبێ یان لەسەرەڕێی کاری فیکریو فەلسەفیدا؟ لەڕاستیدا پرسیاری ئەو ئەمەبوو: (بەکارهێنانی دانایی گرنگترە یان لێکۆڵینــەوە لەبەهرەو ئەو سودانەی کــە دەکــرێ بێنــەدی؟) لێــرەدا نابێــت خــاڵێکی گــرنگ لەبەرچــاو نــەگرین: بــۆ(ئەرســتۆ) کــە مــرۆڤ ئــاژەڵێکی کۆمەڵایەتییــە خــاڵی بنەڕەتییەو ئامانجی لێکۆڵینەوە ناتوانێت بە تەنها لەخۆشی تاکدا کۆتــایی پــێ بێت، بەڵکو بابەت ئەوەیە کە کام یەك لەو دووڕێگایە خۆشــیو بەختــەوەری بــۆ خەڵکی ـ هاوڵاتی دەهێنێت؟(ئەرستۆ) لەسەر بنەمای دیدگای کارگەرای خــۆی بە پێویستی عەقڵانییەت گەیشتو نوسی هەرکەسێك کە ڕابــەری ســەرۆکایەتی کۆمەڵی بەهەر شێوەیەك بێــت بــە دەســتەوەگرت دەبێــت دانابێــت و زانــین بــە شێوەیەکی دروست بــەکاربهێنێت و ئامــانجی ئــەو دروســتیو شــادمانی ژیــانی خەڵکی بێت. هەڵبەتە خودی ئەرستۆش لەمبارەیەوە لەبابەتی تیۆرییەوە دەســت پێدەکات(بۆ نموونە کتێبی سێهەمی سیاسەت بە چەمکی تیۆری"دەوڵەت"، یــان باشتر بڵێم لەگەڵ چەمکی((کۆمەڵی سیاسی)) یــان دەوڵــەت ـ شــار یــان **polis** دەست پێدەکات)، بەڵام ئەگەر زیاتر وردبینەوە دەبینین کە ئەم بابەتەش هەروەکو بنەڕەتی باسەکە(کاری مرۆڤەکان)ە.

لەهەمان سەرەتای کتێبی سێهەمی(سیاسەت)دا، (ئەرستۆ) دەنووســێت: (بــۆ هەرکەســێك کــە بیــەوێت دەربــارەی وڵات چــییەتیو تایبەتمەنــدی هەریــەك

لەجۆرەكانی لێكۆڵینەوە بكات، یەكەمین پرسیارێك كە دێتە پێشەوە ئەوەیە كـە چییەتی شار(دەوڵەت ـ شار یـان **polis**) چـییە؟ چـونكە لـەكاتی ئێـستادا لـەم بارەیەوە جیاوازی هەیە كە ئایا ئەو كارانەی كـە بـەناوی دەوڵەتـەوە بـە ئـەنجام دەگەیەندرێن، دەبێت وابەستەبێ بە(كۆمەڵانی خەڵكی شار)ەوە، یان(بە وانەی كە حوكمڕانێتی دەكـەن)؟ جارێـك شاردۆسـتانی سـتەمكەرن‌و جارێـك دەسـتە بـە تواناكانن كە ڕەوتی دەوڵەتیان گرتووە بە دەستەوە)[٥].

(ئەرستۆ) لەبابـەتی عەمـەلی‌و واقیعییـەوە دەسـتی پێـدەكرد، چـونكە بـە چەمك‌و فیكری تایبەتی فەلـسەفیی بـیری دەكـردەوەو سـەودای ژیـانی باشـتر‌و خۆشبەختانەتری مرۆڤەكانی دەخستە ڕووو لەو ڕێگەیەوە وتەزاو كاری مەعریفی دەكـرد. ئـەوەش هەڵـە نییـە كـە بڵێـین، بابـەتی سـەرەكی لـەلای ئەرسـتۆ، بەكارهێنانی دانایی بووەو هەر لەم ڕوانگەیەشـەوە بـوو، كـە سـەرنجی لەبابـەتی ڕاستی‌و كـاری ژیـانی ڕۆژانـەی خـەڵكی داوەو بابـەتی سـەرەكی، تایبـەت بـە وردبونەوە، بە كاری سیاسەتمەداران دەزانی، واتە: بۆ ئەو دەسـتەیەی كـە هێـزی جێبەجێ كردن‌و ئامانج‌و بەرپرسـیارێتیان هەیـە. (ئەرسـتۆ) دەیەویـست ئـەوە بزانێت كە چ جۆرە سیاسەتمەدارێك دەتوانێت لەسـەر بنـەمای بـەرزترین دانـایی بجوڵێتەوەو كاری لەسەر پێوانەی ئەقڵ‌و لۆجیك بێت. ئەو لێـرەدا دەپرسـێت كـە باشـترین شـێوەی حكومـەت كامەیـە لەهەلومـەرجی دیـاریكراوی مێـژوویی‌و هەرێمایەتیدا. ئەم سەرنجە پراگماتیكی، لەباوەڕ بەبینینی ئەقلانییەتـەوە مانـای هەیە، كە یۆنانییەكان ئەمە بە(تیۆریـا) دەخـوێنن لەقەڵـەمڕەوو كـارو قـسەی

سیاسیدا، هەمان بینینی عەقڵانیش دەتوانێت ـ ودەبێت کـە ـ لەگـەڵ پێوانـەی خۆشبەختیو کامەرانی خەڵکدا بێت.

وەکو ئەوەی کـە لەبەشـی سـەرەوەدا بینیمـان، پەیوەنـدی دوو جـۆرە ژیـان، یەکێکیان لەسەر بنەمای بە دواداچونی داناییو ئەوی تریان لەسەر بنەمای کـار یان بەکارهێنانی دانایی، بە جۆرێکی ترو بـە شـێوەیەکی دیـاری کراوتـر بڵـێین لەپەیوەندی نێوان فەیلەسوفو سیاسەتمەداردا زانینی ئەوەی کە هەیە وئەوەی کە دەبێت هەبێت ، زۆر دژوارە.[٦]

مامۆستاکەی(ئەرستۆ) واتە(ئەفلاتون) یەکەمین کەسێك بوو کە بەشێوەیەکی سیستەماتیك ئەم پەیوەندییەی لەناوەندی بیری کۆمەڵایـەتی خۆیـدا خـستەڕوو. ئەم بە پێچەوانەی (ئەرستۆ)وە، لەبابەتی عەمەلییەوە دەستی پێنـەکرد، بـەڵکو ئــەم لەســەرەتای کاریــدا لــەگرنگترین بەرهــەمی خۆیــدا کــە لــەم بارەیــەوە نووســیویەتی، واتــە لــەگفتوگۆی کۆمــاردا، چــەمکی گــشتی ڕوت، تیــۆریو فەلسەفی، واتە(دادپەروەری)بـوو، ئامـانجی ئـەو لـە(ئـەوەی کـە هەیـە) زیـاتر دەرۆشتو گەیشت بە(ئەوەی کە دەبێت هەبێت). ئەفلاتون لـەزمانی سـوقراتەوە کۆمەڵێك ئاواتی پێشکەش کرد کە ئەم چەمکە دەتوانێت تیایدا جێبەجێ بێتو بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێك تایبەتمەندی دیـاری کـرد کـە هـەر خوێنـدکارێکی فەلسەفە پێی ئاشنایە. لەم گفتوگۆیـەدا، بـە شـێوەیەکی ناچـارییانە پەیوەنـدی فەیلەسوف لەگەڵ سیاسەتمەداردا و بە شتێکی پێویستی دەزانـێ کـە فەیلەسـوف لـەژیانی سیاسـەتدا بـێ، بـە هـەمان لـۆجیکی دەرونـی کـە لەخـستنە ڕووی وێنەکێشانی کۆمەڵێك ئاواتدا بڕیاری لێدابوو. ئەم بڕیارەشی وەهابوو کە نـە بـە تەنها فەیلەسوف دەبێت لەژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا هـەنگاو بنێـت، بـەڵکو

پێویستە فەیلەسوف جڵەوی کاروباری کۆمەڵایەتیو حکومەتیشی بەدەستەوەبێتو بە حوکمی ئەقڵ فەرمانڕەوایی بکات. فەیلەسوف پیاوی داناو دادپەروەرەو تەنها ئەو دەتوانێت کۆمەڵێکی دادپەروەرانە بهێنێتە دی کە لەسنوری کاری زانینو ئەقڵدا بێت. لەکتێبی پێنجەمی(کۆمار)دا ئەمە دەخوێنینەوە: ((ئەگەر لەکۆمەڵگاکاندا فەیلەسوفەکان نەبن بە پاشا، یان کەسانێك کە ئەمڕۆ ناوی فەرمانڕەوا بەخۆیان دەدەنو بەڕاستی دڵیان نەدەن بەلای فەلسەفەدا یان ئەگەر فەلسەفەو دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵ یەکتریدا ئاوێتە نەکەنو هەموو سروشتە یەکلایەنەکانی ئەمڕۆیان بەملا یان بە ئەولاداو لەناوەندیاندا هەڵناقولێن بەدبەختی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی گشتیو بەدبەختی جۆری مرۆڤیش کۆتایی پێنایەتو ئەو دەوڵەتەشی کە وەسفمان کرد نایەتەدی)) (٧)

هەڵبەتە سوقراتی ئەفلاتون، بەردەوام ئەوە دەهێنێتەوە یاد هەم ئێستاو هەم پێشتریش خەڵکی لەگەڵ وەها حەکیمێکدا ناتەبابوونو لەکتێبی شەشەمی کۆماردا بە درێژی لەسەر بێزاری خەڵکی لەفەیلەسوفەکان قسە دەکات ، کە ئەوە بێ ئاگاییو نەزانی ئەوانە لەڕێو ڕەسمی حکومەتو شێوەی بە دەستهێنانی خۆشبەختی زانیندا، ئەو بە ڕقەوە دەڕوانێتە ئەو کەسانەی کە ئاسایینو خۆیان لەبابەتی سیاسەت دەئالێنن، لەم بارەیەوە لەگفتوگۆی(پروتاگوراس)دا لەزمانی سوقراتەوە لەسەر ئەم ناتەباییە ڕاوەستاوە. لەکۆماردا، کاری سیاسەتمەدار بە کارێکی تایبەت دەزانێت کە ئارەزوی لەداناییو پسپۆرییە کە دەبێت کەسی سیاسەتمەدار مرۆڤی هونەرو سەر پێسپاردن بێت. ئەو بانگەشەی((هەموو

خەڵکی)) دەکات کـە خۆیـان بـە شایـستەی بەشـداری لەسیاسـەتو تەنانـەت لەڕابەرایەتی کردنـی کۆمـەڵ دەزانـن، هـەروەکو بانگەشـەی نیـشتەجێ بـوانی سەرپشتی کەشتییەکە کە مەلەوانی نازانن، چونکە ئەو کارە کەسێکی وای دەوێ کە لەڕازو نهێنییەکانی کەشتیوانی بە ئاگابێت، هەروەك چۆن دەبێت فەیلەسـوف لەحەقیقەتی کاروباری حوکمڕانی کۆمەڵ بەئاگابێت.[٨]

لەسەرەتای کتێبی شەشەمی (کۆمار)دا، سوقراتی ئەفلاتون، پشت بەستو بـە قسەوباسەکانی پێشتری خۆی کە فەیلەسوفی بە کەسێکی بێ وێنە ناساندبوو کـە سەروبەندی لەگەڵ حەقیقەتدایە و کاری سەرەکی ئەو ، بە دواداچونی حەقیقەتەو شایستەی سەرداریيە ((هەروەکو ئاشکرایە، فەیلەسوف کەسـێکە کـە دەتوانێـت هەستێکی بێ وێنەو لەگۆڕان نەهاتوی هەبێت، لەکاتێکدا کـە کەسـانی تـر لـەم توانایە بێ بەهرەنو لەزانینی زۆرو جۆراوجۆردا سەرگەردانن، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە ئایا جڵەوی کۆمەڵ بە دەست کام یەك لەم دوو گروپەوە بێـت؟)) هەڵبەتە بە دڵنیاییەوە دەڵێـت: ((ئاشـکرایە کـە بـۆ ڕابەرایـەتیکردنی کۆمـەڵ کەسانێك شایستەن کە بتوانن پارێزگاری لەیاسـا بکـەن.))[٩] ئەمـە لەسـەرنجی ئەفلاتوندا زۆر دیارو ڕۆشن بووە: حەقیقەت شتێکەو کەسـێکیش کـە پـەی بـەم حەقیقەتە ببات فەیلەسوفە، ئەوە کە دەتوانێت حەقیقەت بناسـێتو لـەو ڕووەوە مافی حکومەت بە ئەوانی تر بدات کە(لەزانینی زۆرو جۆراوجۆردا سەرگەردانن) هیچ کاتێك توانای لۆجیکی ئـەقڵ بـاوەڕی ئاوەهـا بـێ پـەردەو دیـار نـەبووە. کەسانێك هەن کە لە(ناسینی حەقیقەتدا شتگەلێك نازانن)و هەروەکو نابینا وان، بەرامبەر بەمان کەسانێك هەن کە(حەقیقەتی هەرشتێك دەناسن، لەکاتێکدا کـە

نە لەلایەنی ئەزمونو توانا وە نـە لەلایـەنی لێهـاتویی مرۆڤایەتیـشەوە کـەمترن لەگروپەکەی تر)[١٠]

ئیتر کام لایـەنیان دەبێـت حـاکم بێـت؟ لێـرەدا سـوقراتی ئـەفلاتون هەشـت نیشانەی سەرەکی فەیلەسوف دەژمێرێتو قـسەی خـۆی بـەوە دەخاتـە ڕوو کـە تەنانەت (مومـوس) کە خوای ئەقڵە نایەوێت توانستی ئەم پیـشەیە (فەلـسەفە) وردبکاتەوەو سەرەنجام دەپرسێت((ئایا خەڵکانێك کە وەها سروشـتێکیان هەیـەو لەپــەروەردەی دروســتەوە هــاتونو گەیــشتونەتە تەمــەنی پێگەیــشتوو، تــەنها کەسانێك نین کە دەبێت جڵەوی کاروباری وڵات بەدەستەوە بگرن؟))

ئــەفلاتون گفتوگۆیــەکی تــری هەیــە، کــە دەســتپێکی گفتوگۆکــە بــە چــەمکی(سیاســەتمەدار)دەســت پێــدەکات و بڕیارەیــە کــە لەبــەردەوامی ئــەم گفتوگۆیەدا، یان لەگفتوگۆیەکی وابەستە بەمەوە باسی چەمکی(فەیلەسوف)یـش بکات، بەڵام ئەو ئەمەی نەنووسی، یان ڕەنگە نووسـیبێتیو بـە درێـژایی کـات نەمابێو نەگەیشتبێ بە دەسـتی ئێمـە. ناونیـشانی باسـی گفتوگـۆی جێگـەی باسەکەمان(**politicos**)ە، بە واتای(سیاسەت) کە بەفارسی بـە(کەسـی سیاسـی) وەرمان گێڕاوە، چونکە لەیۆنانیـدا کـاری سیاسـەت، تـەنها تایبـەت بـووە بـە پیاوەوەو ژنان بەم ڕێگایەدا نەڕۆیـشتون، دەتـوانرێ ناونیـشانی پیـاو سـالارانەی گفتوگۆکە بە ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەیی مێژوویی دابنرێـت. وا دەردەکـەوێ کـە کەسی سیاسی چەند ساڵێك دوای کۆمار نوسرابێت[١١] هەرچەندە کـە لەکۆتاییـدا بڕوا بە دیدگایەکی سەرکوت کەرانەیە، بەڵام تا ماوەیەك پێش ئـەوە، ئاراسـتەی بۆ لایەنە کردارییەکانی بابەتی سیاسەت کردووە. هەڵبەتە لێـرەدا ئـەفلاتون بـە

هەمان ڕەقــی ڕێبــازی کۆمــارەوە لــەو باوەڕەدایــە کــە لەبەرامبــەر حکومــەتی سەرکوتکەری تاکەوە، واتــە دەســەڵاتداریێتی کەســێك کــە دانایــەو بــەهاوکاری حیکمەت فەرمانڕەوایی دەکات، حکومەتی یاسا، هــەروەکو ئــاداب‌و ســوننەت، بەهایان نییەو لەوێدا خراپە بێ ئەندازە ڕوودەدات.

لەسەرەتای گفتوگۆی(تیۆدورس)داو لە(بێگانە)دا دەیــەوێت چــەمکی(کەســی سیاســی)و فەیلەســوف لەیــەکتری جیــا بکاتــەوە. ئەمەهــەمان(بێگانــە)یەکــە بەواتای(سۆفیست) لەگفتوگۆیەکی تردا بەهەمان ناونیشانەوە خستوویەتییەڕوو. لێرەدا بەجوانی بە ناوی سوقراتەوە(کە لەگــەڵ فەیلەســوفی نــاودارو مامۆســتای ئەفلاتوندا جیاوازە) هەنگاو بەهەنگاو دەکەوێتە ناســاندنی کەســی سیاســییەوەو هونەریان تەکنیکی ئەو دەکاتەوە. ئــەم ڕەوتــە دوورو درێــژەی بــە دوادا چــوون، سەرەنجام بڕیارێك بە دەستەوە دەدات کە لەگەڵ چەمکی(حکومــەتی دروســت)دا وابەستەیە. بێگانە دەڵێت: هونەری فــەرمانڕەوایی دروســت، تــەنها لەیــەك دوو کەس(یان ژمارەیەکی زۆر کەمدا) دەتوانێت پەیــدابێت[١٣] و(تــەنها کۆمــەڵانێك دەتوانن هەبوونی حکومەتێکی دروست بزانن کە کەسانێك ئەو حکومەتە دەکەن زانیاری ڕاستیان هەبێت نەك زانیاری خەیاڵی‌و هیچ جیاواز نییە لەوەی کــە ئــەو کەسانە لەڕوی یاساییەوە حکومەت دەکەن یــان لــەڕوی نایاســاییەوە)[١٤] بــەڵام سیاسەتمەداری دانا کە بتوانێت حاکمی ڕاستی بێــت، حــوکمی کیمیــای هەیــە ، ناسین‌و پەسەندکردنی ئەو لەلای خەڵکی ئارەزومەندی کارو دوربینی زیــاترە کــە بەگومانی(ئەفلاتون)، (تێکڕای خەڵکی) لەو بارەیەوەو لەپێشتردا بێ بەهرەبوون. لەنائامادەیی ئەودا(یان لەئەگەری ئەوەی کە خەڵکی ئەو نەناسن، یان ڕوو لەئــەو وەربچەرخێنن)، واتە لەکاتی نەبوونی دروست بوونی(حکومــەتی تــەواوەتی) دا ،

شـــێوەی جۆراوجـــۆری حکومـــەت و بـــە شـــێوازی جۆراوجـــۆری یاســـایی پەیـــدادەبن((دەڵێـــت: شـــێوازی جۆراوجـــۆری حکومـــەت بریتییـــە لەپاشـــایی‌و سەرکوتکەری‌و ئۆلیگارشی‌و ئەریستۆکراسی‌و دیموکراسی، کاتـێ پەیـدادەبن کـە خەڵکی تەنها بۆ ئەو حوکمڕانییە ڕاستییە ڕوو وەردەگێڕن‌و باوەڕیان وەهایـە کـە مومکین نییە کەسێك پەیدابێت لەڕوی لێهاتویی‌و کاری فەرمانڕەواییەوە بتوانێت ڕوی دادپەروەری بە هەر کەسێك بدات کە مافی ڕاستی ئەوبێ)[١٥] .

من لێرەداو لەسەر ئەوەی کەپێشتر باسم کرد ، سەبارەت بە داکـۆکی کردنـی ئەفلاتون لەسەر حکومەتی سـەرکوتکەری‌و تەنانـەت لەسـەر ئـەو دەرئەنجامـە فەلسەفییەی کە لەم بارەیەوە بە دەست دێت ناوەستم ، بۆ نموونە پێداگرتنی ئـەو بۆ تێگەیشتن لەسـەر گرنگـی پـەروەردەو فێرکردنـی سیاسـی، چـونکە تـا ئـەو جێگەیەی کە لێرەدا گرنگە لەلای خوێنەر ئاشکرایە.

هەر لەیەکەمین ساتەوەختی تێڕامـانی فەلـسەفیدا، سـەبارەت بـە پەیوەنـدی نێوان فەیلەسوف‌و سیاسەتمەدارەوە جۆرە ناحاڵی بونێك لەم بارەیەوە لەئارادایـە‌و ئاراستەی باسەکە بەرەو دەرئەنجامێکی تر دەبات . ئەو سیاسەتمەدارەی کە لەگەڵ ژیانی کاری ڕۆژانەیدا سەروکاری هەبوو، بێ نرخ بوو. هەنـدێك لەفەیلەسـوفەکان وەهایان دەبینی‌و وایان دادەنا کە یان جڵەوی فەرمانڕەوایی حکومەت بـە ئـەوان بسپێردرێت، یان لەکاروباری وڵاتدا جێگەی بەشداری کردنی کاریگـەرو دیاریـان هەبێت. خۆش بەختانە جیاوازییەك کە ئەم فەیلەسوفانە بۆ خۆیان دەریان دەبڕی، کەمتر جێگەی بڕیارلێدان بووو لەباشترین کاتـدا لەوێنـەی ڕاوێـژکردن زیاتریـان نەبوو.

ئارەزوویەك كـە لەوێـدا هـەبوو، واتـە بـەدگومانیو تەنانـەت دوژمنایـەتی فەیلەسوفو سیاسـەتمەدار لەبەشـداربوون لـەنێوان فەیلەسـوفێكدا كـە لـەكاری ڕاستیدا دەست پێدەكات لەگەڵ فەیلەسوفێكدا كە بە چەمكی ڕوت(تجرید) بڕیـار لەسەر ئامانجی خۆی دەدات. ئەم دوو ڕاستییە شتێك لەدەرەوەی خۆیان، شـتێك بە جێگیرو نەگۆڕاو دەناسنو دەسـەڵاتێك وابەسـتە بـەوەوە پێـشكەش دەكـەن. هەردوكیان وابەستە بە(تێكڕایی خەڵكی)و وێنەی سیاسی ئەوانەوە بـەدگومانن، هەریەكەیان بە پێوانە لەگەڵ دیموكراسیو حكومەتی خەڵكیدا جیـاوازی دەكـەن. هەڵبەتە لێرەدا بـاس لـە((مـەیلی زاڵ)) لەفەرهـەنگی فەلـسەفی ـــ سیاسـی ڕۆژئاوادایەو دەتوانرێت چەند نموونەیەكیش لەم لایەنەوە بهێنرێتەوە كە لەگەڵ ئەم مەیلەدا نەبێت، بۆ نموونە سۆفیستەكان كە لەسـەدەی پێنجـەمی پـێش لـەدایك بـونی عیـسادا لەئـەتینا ژیانیـان دەكـرد، هـەواداری دیموكراسـی بـوونو لەبەشداریكردنی خەڵكدا بـۆ دیـاریكردنی چارەنووسـی سیاسـیو كۆمەڵایـەتی خۆیان بەرگرییان دەكرد. ئەوان حكومەت كردنیان بە داواكاری داناییو ئـەقلانی پێشبینی تایبەت نەدەزانیو ئەوەیان ڕەت دەكردەوە پێویست بێت یەكەمین جـار زانینی سیاسی بە دەست بێت(واتە لەهەڵبژاردنی فەیلەسوفەكاندا بێت)و لـەدوای ئەوە ئەم زانینـە حكومـەت پێـك بهێنێـت. ئـەوان ئـەو ڕاسـپاردەیەیان ڕەت دەكردەوە كە پێیان وابوو باشترە نەزانان(واتە تێكڕای خـەڵكی) گـەردنی خۆیـان بدەنە دەسـت حكومـەتی داناكـان.[١٦] ئـەوەی كـە لەپەیوەنـدی نێـوان زانـینو دەسەڵاتدایە(ئەوەی كە ئەفلاتون لەیاسای"پادشای فەیلەسـوف"دا خـستویەتییە ڕوو، ئەرستۆش ئـەوەی بـە ئـاوازێكی گونجـاوتر هـەروەكو"پێویـستیو سـودی بەكارهێنانی دانایی لەكاری سیاسـی"دا بـەكارهێناوە) لێـرەدا پرسـیارێكی تـر

سەرهەڵدەدات كە هەر بابەتێك، هەر كارێكی سیاسـی(كـە لەچوارچـێوەی هـەر حكومـەتێكو هەر شێوەیەكی حكومەتدا بێت) جێگەیەكی دیاری كراوی دەبێـت كە تەنها لەڕەوتی كاری پراكتیكی شـێوەی دروسـتو كاریگـەری ئـەو زانینـەدا دەناسرێت.

لەباشترین كاتدا تەنها هاوڕێیەتی بەهای دادگەرانە جێگـەی چارەسـەرەكانە ، ڕوانگەو پێـشنیارگەلێك كـە خـەڵكی جیـاواز لـەبارەی بابـەتێكی دیـاریكراوو كاروبارێكی گرنگـی ژیـانی سیاسـیو مـەدەنی خۆیانـەوە ئاراسـتەی دەكـەن ، دەتوانێت كاری حكومەت بۆ پێشەوە بەرێت .

ئەم جۆرەكۆمەڵ و هاوڵاتیانە نیازیان نییە كە بـچنە ژێـر بـاری حكومـەتی دانایان و فەیلەسوفەكانەوە . ئەمان بەر لەهەر شـتێك خۆیـان بـیر دەمەنـەوە — واتە بەر لەهەر پراكتیك و ئەزمونێك — خۆیان زانستی حكوموت كردنیان پـەی پێ بردووە ز لەبەرانبەر حكومەتی كەمینەی داناو فەیلەسـوفەكاندا ، هـەمووان مـافی یەكـسانیان هەیـە لەبەشـداریكردن لەسیاسـەتدا و لـەم ڕوانگەیەشـەوە ، فەیلەسـوف و داناكـانیش دەتـوانن لـەڕەوتی گفتوگـۆو ئاخـاوتنی ئازادانـەدا پێشنیارەكانی خۆیان بخەنە ڕوو . ئەم بابەتە (كێ حكومەت بكـات) باسـێكی ڕۆژانەیەو دژوارییەكی گەورەی لای هەمووان دروستكردووە لەسەر ئەوەی كە ئایا هەمیشە حەق لای فەیلەسوفەكان بێت ؟ كـە بێگومـان وەڵامـی ئـەم پرسـیارە حوكمێكە جێگەی گومان لەسەر كردنە .

پەراوێزو سەرچاوەکان

١- T. Mann. Reflections of a Nonplitical Man. Trans.W.D Morris. New york. 1983.p.315.

٢- ئەرستۆ، سیاسەت، وەرگێرانی: ح. عینایەت، چاپی دووەم، تاران، ١٣٤٩، ل ٢٨٦- ٢٨٧.

٣- هەمان سەرچاوە، ل ٢٩٠.

٤- هەمان سەرچاوە، ل ٢٩١.

٥- هەمان سەرچاوە، ل ١٠٠.

٦- فەلسەفەی شیکردنەوەی ئەمڕۆ لە(زانستی سیاسەت)دا، کە گوزارشتکردنە لەڕاستی یان ڕەوشتو کارەکانو(ئایدۆلۆجیا) کە دەربارەی ئامانجو ئاوات کاری سیاسیو ڕاسپاردنەکانە بۆ بە دەست هێنانی ئەم ئامانجانە جیایە. بگرێرەوە بۆ پێشەکی:

A.Quintoned. ((lntroduction)). Politcal philosophy.oxford University Prss. 1977.p.1.

ئەم دەقە وەرگێڕدراوە تە سە زمانی فارسی : یَ . کوئینتن. نووسینی، فەلسەفەی سیاسی وەرگێڕانی: م ١٠ سعدی، تاران ١٣٧٤. ل ١٢.

٧- ئەفلاتون، کۆبەرهەمی، وەرگێڕانی: م. ج. لوتفی - چاپی دووەم، تاران ١٣٦٧، ج ١٢، ل ١٠٧٤.

٨- هەمان سەرچاوە، ل ١٠٩٢- ١٠٩٣.

٩- هەمان سەرچاوە، ل ١٠٨٦.

١٠- هەمان سەرچاوە، ل ١٠٨٧.

١١ سەبارەت بەم گفتوگۆیە، بگەڕێرەوە بۆ:

T.A. Sinclair. AHistory of Gveek Political Theroy.London. 1967.pp.173-185.

E.Barker.Greek Poliical Theory. London. 1967.pp.314- 333

T.J.Sanderas.((Plato.s Later political Thought)) in: R. kraut ed plato. Cambridge University prees. 1995.pp.464-493..

١٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو ،ج٣، ل١٦٢٥.

١٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١٢.

١٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١٣.

١٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٢٤.

١٦- B cassin. L'effet sophique، Paris، Paris، 1995.pp.151-271

* ئەم نووسینە ، لە کتێبی (معمای مدرنیته ، بابك احمدی ، چاپ دوم ١٣٨٠ ، ص ٣٣٠-٣٤١ ، ٢، ١) ەوە وەرگیراوە .

دابەش بوونی ڕێکخراوەیی و ڕیزبەندی پلە حیزبییەکان

د.احمدی نقیب زادە

ڕێكخراوەیی بوونی حیزب پەیوەندییەكی تەواوی بەجۆری حیزبـەوە هەیـە ، بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە، واتەدیاریكردنی جـۆری حیـزبیش پەیوەندییـەكی زۆری بەشێوەی ڕێكخراوەییەوە هەیە . ئەم بابەتە لەلێكۆڵینەوە ، لەجۆرەكانی حیزبدا زیاترڕون دەبێتەوە . ئەوەی كە لێـرەدا جێگـەی سـەرنجە، دیـاریكردنی ڕەگەزە بنچینەییەكان و جۆری پەیوەندی نێوان ئۆرگانەكانی حیزبە.

١ـ ڕەگەزە بنچینەییەكان :

(مۆریس دۆرجە) ئەم زاراوەیە بۆ دیاریكردنی یـەكێ لەبنـەماكانی حیـزب بـەكاردەهێنێت. ئـەم بنەمایانـە ،بونیـادی تایبـەتی خۆیانیـان هەیـەو لەدیاریكردنی ناسنامەی حیزبیشدا ڕۆڵی تایبەتی دەگێڕن ((كۆمیتە لـەحیزبی رادیكـاڵ ـ سوسیالیـستی فەرەنـسادا،" كـەرت " لـەحیزبی سۆسیالیـستی فەرەنسادا ،كۆمیتەو نوسـینگەكانی هەڵبـژاردن لـە حیزبـەكانی ئـەمریكادا، "پۆلەكان" لـە حیزبـە كۆمۆنیـستەكاندا،كۆڕو كۆبونـەوەكان **FaiscEaux** لـە حیزبی فاشیستی ئیتالیا..))دا لـەم لایەنـەوە، دەتـوانین چـوار جـۆر ڕەگـەزی بنچینەیی كە دەتوانرێحیزبە ناوبراوەكانیان بۆ بگەڕێنینـەوەو لەیـەك جیایـان كەینەوە: كۆمیتە ـ كەرت (**Section**)، پۆلو میلشیا **MILLICE**١

كۆمیتە هەروەكو (دۆرجە) دەڵێت: نزیكـەی هـەمان راسـتیی (كـاكیوز)ە (**caucus**) لە فەرهەنگی ئەنگلو ساكسۆنیداو لەژمارەیـەكی كـەمی ئەندامـە بەرجەستەكانی حیزب پێكهاتووە. ئەم برە ، هەنـدێ جـار لـەنێوان بازرگـانو خاوەن موڵكە گەورەكان ـ خاوەن پایەكان ـ وپارێزەرانو مامۆستایانی زانكۆكە

بەهۆی دەسەڵاتو هێزیانەوە هەڵدەبژێررێنو هەر لێرەشەوە دەتوانین پەی بەرین بەوەی کە کۆمیتەکان ڕەگەزی بنـچینەیی کـادری حیزبـیو ناسـراوی جۆرێـك لەسەربەخۆیی کارن.

حـەوزەی جوگرافیـایی کۆمیتـەش بەئەندازەیـەك زۆرە کـە هەنـدێك جـار پارێزگایەك دەگرێتەوە. چالاکی کۆمیتەکانیش لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا دیـاری دەکرێت. لەهەمان کاتدا کۆمیتەکان لەهەموو وڵاتانـدا وەکویـەکترنینو لـەناو هەندێ وڵاتدا هەندێکیان لەهەندێکی تریان گـەورەترن . کۆمیتـە حیزبیـەکان لەئـەوروپادا زیـاتر تـەکنۆکراتن وەك لـەوەی ئەرسـتۆکرات بـن وحـەوزەی جوگرافیاییان بچوکترە. لەسەرەوەی هەریەك لەکۆمیتە حیزبییەکانی ئـەمریکا دا ، نوێنەرێك هەیـە بـەناوی کـاپتن (**Captain**)، کـە هەمیـشە لەخزمـەتی حیزبدایە ـ لەژێر چـاودێری کەسـانێکدا بـەناوی (بـاس) (**Bass**) ەوە کـاری ئەندامانو بارودۆخی حیـزب لەسـەر ئاسـتی خـوارەوەو ناوچـەکەدا چـاودێری دەکرێ .

کۆمیتەکان کە یادگاری حیزبـە سـەرەتاییەکانی ڕۆژئـاوانو هـەروەکو کـە (دۆرجە) باس دەکات حیزبە کۆنە پارێزەکان لیبرالەکانی سەدەی نـۆزدە شـتێك نییە جگە لەکۆمیتەکان کەتا ئێستاش بەردەوامن لەسەر ژیانی خۆیان.

"کـەرت" ٢ کـە لەگـەڵ پـەیابوونی حیزبـە کرێکارییـەکان لـەجۆری سۆسیالیستی وەکو ڕەگەزی بنچینەیی ئەم حیزبانە ناویان دەرکردو لەکۆمیتەدا جـەماوەرێکی زۆرتـر، زنجـیرەی پلـەیی باشـترو لەچوارچـێوەی سیـستەمێکی ناوەندیدا کاردەکەن. ئەگەر کۆمیتە دەرگاکانی خۆی بەزەحمەت بەڕوی ئەندامە نوێیـەکانی خۆیـدا بکاتـەوە، ئـەوا "کـەرت" بـەردەوام لـەبیری ڕاکێـشانی

ئەندامانێکی زۆرتردا بوو بۆ خۆیی‌و لێرەوە دەتوانین لەوە تێبگەین کـە لەگـەڵ حیزبـە جەماوەرییەکانـدا نزیکییـەکی زۆریـان هەیـە. حـەوزەی جوگرافیـایی "کەرت" یش زۆر دیاریکراو تر بووە لە کۆمیتەو هەندێك جار لەیەك شاریشدا چەندین "کەرت" خەریکی چالاکی بووە...

"پۆل" ٣ بە یەکێك لەداهێنانەکانی حیزبـە کۆمۆنیـستەکان دەژمێردرێـت کەیادگاری سەردەمانی خەباتی ژێر زەمینیەو هەروەکو (دۆرجـە) دەڵێـت: لـە دوو لایەنەوە جیاوازە لە (کـەرت)، یـەکێکیان ئەوەیـە کەجـەماوەرێکی کـەم (چوار یان پێنج کەس و لەهەندێ لە وڵاتە دیموکراتییەکانی ڕۆژئـاوادا ژمـارەی ئەندامانی پۆل دەگاتـە ٦٠ کـەس) و دووەمیـشیان ئەوەیەکـە بنـەمای کـار لـەجیاتی بنـەمای شـوێنە کـە لەکـەرت‌و کۆمیتـەدا دەبینـرێ. لەڕاسـتیدا حیزبەکۆمۆنیستەکان لەسەر بنەمای بـاوەڕی ئایـدۆلۆژیاکان، لەکارخانـەکان‌و شوێنەکاندا کە پرۆلیتاریا ئامادەبوون تیایدا دەسـتیان کـرد بـە دروسـتکردنی پۆلەکانی خۆیان، جیاوازییەکی تریش کە نابێـت لـەبیری بکـەین ئەوەیـە کـە سیستەمێکی ناوەندی زۆر بەهێز لەحیزبە کۆمۆنیستەکاندا هەیـە کـە دەبێتـە هۆی ئەوەی پۆلەکان لە کەناڵێکی زۆر تەسـکەوەو هەنـدێ جـار یـەك لایەنـە لەگەڵ لاشەی حیزبدا یان بەوتەیەکی تر لەگـەڵ سـەرکردە بـەرزەکانی حیزبـدا پەیوەندی دروست بکەن. ئەم شێوازە هیچکات جێگەی لاسایی کردنەوە نەبووە لای حزبـە نـا کۆمۆنیـستەکان ،لەکاتێکـدا کـە "کـەرت" لـەلای حیزبـە کاسولیکەکان بەکاردەهێنرا.

میلشیا ، یەکێکە لە داهێنراوەکانی حیزبە فاشیستەکان کە شێوازێکی نیزامی هەیەو لەڕووی ژمارەی کەسەکانەوە نزیکە لەپۆلەوە، بەڵام بەجۆرێکی هەرەمی پەیوەندی بەسەرەوەی حیزبەوە هەیە . چەندین میلشیا لەژێر سەرپەرشتی میلشیایەکی گەورەتردان‌و بەهەمان شێوە تا سەرەوەی هەرەمەکە کە هەندێ جار یەك کەس ڕابەرایەتی حیزبەکە دەکات‌و بەردەوامی پێدەدات کۆبووەتەوە. لە حیزبە فاشیستەکاندا (کۆمیتە) و (کەرت)ش دەبینرێت کە وەکو حەوزەی ئیداری بەرامبەر بەحەوزەی نیزامی حیزب (میلشیا) دادەنرێت ، بەڵام لەهەندێ کاتدا ئەم شێوەیە ڕاست نییە چونکە (s.a) لە حیزبی سۆسیال ناسیونالیستی (نازی) ئەڵماندا هەڵگری کاروباری نیزامی بووە.

(مۆریس دۆرجە) لەوباوەڕەدایە کە ناسینی ئەم ڕەگەزە بنچینەییانە بۆ ناسینی پێگەی کۆمەڵایەتی‌و باوەڕیی حیزبەکان بەسە. حیزبە فاشیستەکان کە نوێنەری ڕەوتێکی زۆر خوازن ، بەر لەوەی کە خۆیان بەمیلشیاو حیزبە لیبرالەکانەوە سازبدەن کە زیاتر گرنگی بە چۆنیەتی دەدەن، خۆیان بە کۆمیتەوە ساز دەکەن.

٢ـ چاودێری حیزب لەسەر ئەندامەکانی:

چۆنێتی چاودێری حیزب لەسەر ئەندامەکانی لەکۆنەوە یەکێك بووە لەبابەتە بەنرخەکانی کۆمەڵگای حیزبی، چونکە لەلایەکەوە حیزب وەکو ڕێکخراوێکی سیاسی‌و دیار، دەبێت لەناو خۆی خۆی دڵنیابێت‌و لەپێگەی ئەندامەکانیشی ئاگاداربێت، لەلایەکی ترەوە ڕەوەندی دیموکراسی کە حیزبەکان خۆیان بەمنداڵان‌و خزمەتکاری ئەو ڕەوەندە دەزانن، واپێویست دەکات کەئازادی ئەندامەکان بە بەهانەی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان، یان پێویستییەکانی گروپ،

پێشێك نەکرێت. حیزبەکانی بەریتانیا لەسەرەتاوە شێوەیەکی دیاریان لەچاودێری کردن لەسەر ئەندامەکانی خۆیان وەرگرت کە بەهۆی کەسێکەوە بەناوی (ویپ) ەوە ئەنجام دەدرا. ئەم کەسە ،لە پەرلەماندا چاودێری لەسەر ئەندامەکان دەکردو ئەگەر ئەوان بەپێچەوانەی حیزبەوە دەنگیان بدایە، ئەوا ئاگادارکردنەوە (توبیخ) یان دەدرایێ یان لەحیزب دەردەکران.

ئامێرێك کە بۆ چاودێریکردن لەبەردەستیا بوو، ئەوانە بوو کە لەفەرمانی دابەشکردنی ئیشو کاروپلەو پایەکاندا هەبوون ٤ لەحیزبەکانی ئەمریکادا ئەمکارە بەناسکیو ئازادییەکی تەواوە دەردەکەوێت. هەندێ جار "باس" واتە نوێنەری حیزب لەگەڕەکێکداو کاپتنەکانی ژێر چاودێری ئەو، بەجۆرێکی بونیادنەرانەتر سەرگەرمی پاراستن و ڕێنماییو چاودێری کردنی ئەندامو دەنگدەرەکانی حیزب دەبن ٥ جۆری چاودێریکردن لەحیزبە کرێکارییەکانو کۆمۆنیستیەکاندا ، بەجۆرێکە کە تەواو جیاوازە لەگەڵ حیزبە بۆرژوازییەکاندا ، بەو واتای ئەوەی کە ئەندامی حیزب بەو جۆرە لەژێر تەعلیماتی ئایدۆلۆژیاو ئاراستەی پێگەی حیزبدا ڕابێت کە باشترین سەرنج بۆ ئەو ویژدانی شێوەگرتووی ئەوە بەوتەی دۆرجەکە تەواوی ژیانی پلەی ئەندامەکان لەحیزبدا پێکدێتو لەژێر دەسەڵاتی حیزبدایە کە بەردەوام لەخزمەتی حیزبدا بێت ٦ . لەڕاستیدا حیزبە کۆمۆنیستەکان لەژێر ناوی ناوەندی دیموکراسیدا (سەنترالیزمی دیموکراتیك) چاودێرییەکی یەکلایەنە لەسەرەوە بۆ ئەندامەکانو ئۆرگانەکانی حیزب ئەنجام دەدەنو ئەمەش هەمان ڕاستی ئەو پەیوەندییە ستونییە کە (دۆرجە) لەبەرامبەر پەیوەندی ئاسۆیدا بەکاری دەهێنێت.

پەیوەندیی ئاسۆیی زۆرتر لەحیزبە کادرو دەستە بژێرەکاندا دەبینرێت کە کۆمیتەکان هاوپلەی یەکترن و ئەندامەکان زیاتر پشتیان بە ئابڕووی کۆمەڵایەتی خۆیان بەستووە تاوەك پشتگیری حیزب .

٣- هەڵبژاردنی سەرکردەکان و ململانێی هێزەکان لەناو حیزبەکاندا.

ئەگەرچی حیزبەکان خۆیان بەڕێکخراوێکی چالاکی حیزبی دەزانن کە بۆ بەدەستهێنانی هێز لەڕووی نەتەوەییەوە لەگەڵ یەکتردا ململانێ و رکەبەری یەکتر دەکەن، بەڵام لەناو خۆشیاندا بەبێ وەستان لەململانێدان بەمەبەستی سەرکەوتن تا لوتکەکانی دەسەڵاتی حیزبی . ڕێکخستنی هەڵبژاردنی ئەندامە بەرزەکان ، زۆربەی کات لەبنەڕەتەکانی حیزبەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام ئەمجۆرە ڕێکخستنە یاساییانە ڕێگرنییە لەبنەما تایبەتییە سیاسییەکان. لەڕابردودا کێبەرکێیەکی زۆر لەنێوان ئەندامانی پەرلەمانی حیزبی و خاوەن پلەو پایەحیزبدا هەبووە واتە لە ئەندامانی ئەنجومەنی جێبەجێ کردن یان دەفتەری سیاسی .

لەحیزبە چەپەکاندا، گروپە سەندیکاییەکانیش لەگەڵ یەکتردا ململانێ دەکەن و ئەم بارودۆخە ئێستاش، لەحیزبی کرێکاری بەریتانیادا دیارە. لەسەدەی نۆزدەهەمدا بەگشتی ئەندامانی پەرلەمانی حیزبی، وەکو هەڵگرانی سەرکەوتن و دەسەڵات گرنگییەکی تایبەتییان بۆ حیزب هەبوو . بەڵام لەگەڵ دروست بوونی حیزبە جەماوەرییەکاندا ئەم هاوکێشەیە پێچەوانە بوویەوەو ڕێکخراوی حیزبی دەسەڵاتی بەسەر ئەندامانی پەرلەمانی حیزبیدا پەیدا کردلەڕاستیدا هەروەکو کە (مۆریسی درۆجە) دەڵێت. حیزبەکان لەم ڕوانگەیەوە سێ قۆناغیان تێپەڕکردووە:

قۆناغی دەسەڵاتی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر حیزب، قۆناغی هاوسەنگی نێوان ئەندامانی پەرلەمانو سەرکردەکانی حیزبو لەدوایدا دەسەڵاتی ئۆرگانەکانی حیزب لەسەر ئەندامەکانی پەرلەمان ٧.

خاڵێکی تر کە (دۆرجە) ئاماژەی پێدەدات ، پێویستی جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتدارانی ڕاستەقینەو دەسەڵاتدارانی ڕوکەشییە. گروپی دواییان کە دەسەڵاتیان زۆرتر ڕویەکی تیۆری هەیەو لەڕێگای هەڵبژاردنی ناوخۆییەوە دەردەکەوێت، لەکاتێکدا دەسەڵاتدارانی راستەقینە کە لە پراکتیکدا دەسەڵاتی خۆیان دەردەخەن لەڕوخساری پیاوە ناودارەکانی حیزبەوە دەردەکەون ٨ بەهەمان شێوەش حیزبە جەماوەرییەکان ڕۆژ بەڕۆژ داوای بەشداریکردنی زۆرتر دەکەن لەدەرخستنی خاوەن پلەو پایە بەرزەکانی حیزب ، بەتایبەت سەرکردە حیزبییەکان. بەسەرنج دان لەهەڵبژاردنی سەرۆکی حیزبی کرێکارانی بەریتانیا لە ڕابردووەوە تا ئێستا ، نیشانی دەدات کە جێبەجێ کردنی دەسەڵات بەسوودی ئەندامە سادەکانی حیزب دەگەڕێتەوە. تا ساڵی ١٩٨٠ سەرۆکی حیزبی کرێکاری لەلایەن گروپی پەرلەمانییەوە هەڵدەبژێرا، بەڵام لەم ساڵەدا بەسوربوونی توندڕەوە حیزبییەکان هەڵبژاردنی سەرکردەیان بەکۆمەڵێ سپارد کە لە ٤٠٪ ی ئەوان نوێنەرانی سەندیکاکانو ٣٠٪ ی ئەوان ئەندامانی پەرلەمانو ٣٠٪ ی ئەوەی کەدەمێنێتەوە نوێنەرانی حەوزەکانی هەڵبژاردن دروست دەکەن. ئەم گۆڕانە ، ئەنجامی سەرکەوتنی سەندیکاکان بوو کەڕۆڵێکی بەرزیان لە حیزبدا هەبوو. گۆڕانی دواتر لەساڵی ١٩٩٢ دا ئەنجام درا ،کە سەرکردە لەڕێگەی ڕای گشتیو لەسەر بنەمای تاکێكو یەك دەنگ

هەڵدەبـژێردرا. هەڵبـژاردنی سـەرکردەی حیزبـی کۆنـەپارێز، بـە پێـچەوانەوە بەدەستی ئەنـدامانی پەرلـەمانی حیزبـەوە ئـەنجام دەدرا. ئـەم هەڵبژاردنـەش لەساڵی ١٩٦٥ دا بویە نەریت کەپێشتر هەڵبژاردنی سەرکردە لەڕێگەی چـەپڵە لێدانی نوێنەرەکانی ئامادە بووەوە ئەنجام دەدرا و کەسانێك کە لەلایەن حیزبی دیاریکراوەوە نوێنەرایەتی خولەکانی دواییان دەکرد لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەی جێبەجێ کردنی یەکێتی نەتەوەییدا لەم ڤیـستیڤاڵەدا بەشـداریان دەکـرد ٩ . دوای سەرۆك ،هەندێ جار ئەنجومەنی جێبەجێکردن یان مەکتەبی سیاسی بڕیار دەدەن کە خۆیان بەهۆی کۆنگرەی ساڵانەوە (کە بریتییە لە نوێنەرانی ئیداراتی ناوخۆیی ویلایەتەکان) هەڵببژێرن و دوایی لەگەڵ سەرکردەو هەندێ جاریش بێ ئامادەبوونی سەرکردە، سکرتێری گـشتی حیـزبو ئەنـدامانی سـەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێن.

"جان لاکـروا" یـەکێکی تـرە لـە کۆمەڵناسـە فەرەنـسییەکان، کەلەسـەر ململانێی دەسەڵات لە کۆبونەوەو خڕبونەوەکانی ناو حیزبەکاندا قـسەدەکات، کە بۆخۆی گرنگییەکی زۆری پێدراوە. ئـەو لەوبڕوایەدایـە کـە هـیچ حیزبێـك نادۆزینەوە بەشێوەیەکی یەکپارچە لە ئەندامانێکی یەك دەسـت پێکهاتبێـت. گروپو ڕەوتو مەیلە جیاوازەکان کە لەناوخۆی حیزبێکدا نەتەنیا گۆڕان لەسەر بنەڕەتو بونیادی ئەو حیزبـەدا دروسـت دەکـەن بـەڵکو ڕەوتـی بڕیـاردانو دیاریکردنیکەناڵی حیزبیش تووشی کاروکاردانەوە دەکەن١٠

ئەو لەوباوەڕەدایە کە ڕەوتو مەیلەکان دەبێـت لـە دوو لایەنـەوە جێگـەی سەرنج بن ،لەلایەکەوە سوود وەربگرن لـەوەی کـە سـەرکردەکانی حیـزب لـەم کێبەرکێو جیاوازییانەی ناوخۆیدا کـە بـەکاری دەهێـنن وەکـو هەوڵـدان بـۆ

بەدەست هێنانی لایەنگرانی زیاتر یان بـەهێزکردنی وەفادارانیـان لەبەرامبـەر ڕەوتەکانی تردا کە لەکۆتایدا شێوەکانی چەنەبازی بەکاردەهێنن.

لەلایەکی تریشەوە خوێندنەوەی ڕەوەند گـەلێك بکـەن کـە بەخۆپیـشاندانی ئەندامەکان، بەدروست بوونو پاراستنی ئەم گروپە لاوەکیانە ئەنجام دەدرێت.

ئەم ڕەوتانە لە سوسیالیستی فەرەنسادا لەهەموو کاتـێ زیـاتر ـەبەرچاوەو لـەژێر کاریگـەری هـەمان هەڵـسوو کەوتـدا بـووە کـە لەکۆتایـدا حیزبـی سۆسیالیستی فەرەنسا لەکۆنگرەی (اپینە) ١٩٧١ دا بەناو بنەڕەتی ئێستایەوە دروست بوو. دوای ئەوەش ڕەوتەکانی تری وەکو (میشل رکار) کۆبونـەوەو لـە دەیەی ١٩٧٠ دا بوو بەهۆی دروست بوونی ڕەوتێك کـە تایبـەت مەندییـەکی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی (چەپی نوێ) لەناوخۆی حیزبی سۆسیالیستی فەرەنسا هەبێ١١. بەمشێوەیە، نابێ بوونی گرووپـە ناوخۆییـەکان کـە پەیوەندییـەکی کۆمەڵایەتیانەو هەندێ جـار نەتەوایـەتیان لـەناوخۆی حیزبەکانـدا هەیـە لـە یادبەرینەوە. (لاگروا) بە دروستی دەیهێنێتەوە یـاد کـە ئـەم ڕەوتو مـەیلو فراکـسیۆنانە لـەڕووی سـەرکردە نەتەوەییـەکانو ناوخۆییـەکانی حیزبـەوە هەڵسوکەوتو هەندێ جار مناقەشە لەگەڵ یەکتریدا دەکەنو بەهیچ شـێوەیەك ئەوانە لەبەرپرسیارێتیو هاوکێـشە حیزبیەکانـدا دەرناکـات١٢ ئـەم گروپانـە دەتوانین بە گروپە سەرەتاییەکان لە کۆمەڵگای نەتەوەیدا هاوشێوەبکەین لەگەڵ بوونی سەرکەوتنە زۆرەکانی کە لە ڕەوەندی کۆمەڵایـەتیو هـاتنی تاکـەکانو خۆپیشاندانی ئەوان لە ڕێگـەی درووسـت بـوونی کۆمەڵگایـەکی ڕاسـتەقینەو دورگرتنی تـەواوەتی لـە ڕەوەنـدە کۆمەڵایەتییـەکان (جـۆری عەشـرەت) لـە

کۆمەڵگای پیشەسازی ئەنجام دەدرێت، هێشتاش پاشماوەی پێکەوە بوونی جۆری کۆمەڵایەتی هەر دەبینرێت.

٤ـ بابەتە داراییەکانی حیزب:

بودجەی حیزبەکان، لە دوو ڕێگەوە دابین دەکرێت یەکێکیان ئەوبڕە پارەیەیە کە لەئەندامەکانی وەردەگرێت کە سەرچاوەیەکی حیزبە جەماوەرییەکان پێک دەهێنێت. ئەم حیزبانە هەندێك جار بەشێوەیەکی بەردەوامو لەپێشدا دابین کراو لەسەر بنەمای ئیمزای گرێبەستێك (فۆرمی ئەندامێتی) کە بڕێك لەموچەکەی دەبڕێت. ئەوی تریان ئەو بڕەیەیە کە لەهەوادارانو کۆمپانیاکانو ڕێکخراوەکانی ترەوە بەشێوەیەکی بەردەوام یان دیاری نەکراو (لەکێ بڕکێ کردن لەگەڵ حیزبێکی تردا کەهەیانە) دێتە ناو حیسابی حیزبەکەوە . بۆ نموونە حیزبەکانی ئەمریکا یارمەتییەکی زیاد لەکۆمپانیا جیاوازەکانەوە وەردەگرن.

دەبێت دوو جۆر بودجەی نافەرمی ناوبەرین یەکێکیان (ئیختلاس)ێکە ، (گەندەڵی) یەکە، کە حیزبی دەسەڵاتدار ئەنجامی دەدات ئەویتریان ، چالاکییە بازرگانیو ئابورییەکانە کە هەندێك لە حیزبەکان لەلایەن ئیشو کاری سیاسی خۆیانەوە بە ئەنجامی دەگەیەنن.

پەراوێزەكان:

١-m.duverger،op،cit،p36.

٢-ibid،p41.

٣-ibid،p43.

[٤]ـ ماكس فیبەر، بیرمەندو سیاسەتمەدار. ص ١١٧

[٥] ـ هەمان سەرچاوە، ١١٣

٦ — M. Dureger،op. cit ،p 141

٧- Ibid،p ،121 .

٨- Ibid،p ،173 .

٩- J. Leraez،j. c. sergeant ،w. Toboul ،op. cit ،pp ،44 – 50 .

[١٠] — Jacques Lagroye،socologie politgue ،paris Dalloz 1997 ،278 .

[١١]- Ibid،p. 277 .

١٢- Ibid،pp ،279 – 280 .

سەرچاوەی ئەم بابەتە:

حـزب سیاســی و عـملكــرد ان در جوامــع امــروز ك د.احمــد نقیــب زاده ،نشردادگستر ، ١٣٧٨